# ساتوقەڵا هەرێمی ئیدۆ

# ساتوقەڵا هەرێمی ئیدۆ

## سەردانی مەیدانی و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنوسی

ئاراس ئیلنجاغی

چاپی یەکەم
کوردستان- سلێمانی
٢٠١٣

ناوی کتێب: ساتوقەڵا هەرێمی ئیدۆ، سەردانی مەیدانی و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی

نووسەر: ئاراس ئیلنجاغی

تایپ :ئاراس ئیلنجاغی

نەخشەسازی:چاپخانەی کمال

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ:٥٠٠ دانە

چاپخانە: چاپخانەی کمال-سلێمانی

ژمارەی سپاردن: لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە(     )ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێدراوە.

## پێشکەشە بە :

-بەگیانی پاکی باوکم (عومەر فەتحوللاَ کاوێس).

-قوتابیان وخوێندکارانی بەشی شوێنەوار لەهەرێمی کوردستان.

-خزمانی گوندی ساتوقەلاَ

-خوێنەرانی بەرێز

## نووسەر لە چەند دێرێکدا



-ناوی تەواو(ئاراس عومەر فەتحوڵلا کاوێس)ناسراوبە(ئاراس ئیلنجاغی).

-لەدایکبووی(١٩٧٦)ی گوندی(ئیلنجاغی گەورە)ی سنوری کێڵگەی نەوتی(تەقتەق)ە.

-دەرچووی زانکۆی سەلاحەددین،کۆلیژی ئاداب، بەشی جوگرافیا(١٩٩٧-١٩٩٨).

-لەساڵی(١٩٩٩)ەوە یەکەم بابەتی ڕۆژنامەنوسیی لەبلاوکراوەی (هەنگاو)ی کۆمەڵێك لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان ناوچەی تەقتەق بلاوکردۆتەوە.

-دەستەی نووسەرانی مانگنامەی(تەقتەق)بووە،لەساڵی(٢٠٠١-٢٠٠٢).

- لە ڕۆژنامەی(ڕێگای کوردستان)کاریکردووە لەساڵی(٢٠٠١-٢٠٠٢).

-دەستەی دامەزرێنەری(ناوەندی ڕۆشنبیری تەقتەق)بووە لە ساڵی ٢٠٠٤

-لە (٢٤-١٢-٢٠٠٤)ەوەتا (٢٤-٧-٢٠٠٨) سەرنووسەری مانگنامەی (تاك) بووە.

-لە(١-٨-٢٠٠٨)ەوە تا(٢٨-٩-٢٠١١)پەیامنێری(کوردستانی نوێ) بووە.



-لە(٢٠١٠-٢٠١١)پەیامنێری( پیوکەی میدیا )سایتی کوردی بووە .

-ئەندامی بەشداری (سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان)لقی سلێمانی یەلە(٢٠٠٨)ەوە تا ئەمرۆ.

-ئەندامی(بنکەی خێرخوازی دکتۆر رەئوف)ە، لە تەقتەق لەساڵی (٢٠١٠)ەوە.

-ئەندامی بنکەی کۆیەی ڕووناکبیری گەلاوێژەلەساڵی ٢٠١٢ەوە.

- لەساڵی(٢٠٠٣ەوە تا ٢٠١١)لەکارگێری(ئامادەیی تەقتەقی تێکەلاو)وەك یاریدەدەرو بەڕێوەبەرکاریکردووە.

- لە(ئەنسکلۆپێدیای شاری هەولێر) بە نوسینی بابەتێك لەسەر(ناحیەی تەقتەق)بەشداریکردووە.

-ئەندامی (کۆمەڵەی ئینسایکلۆپیدیای کوردستان)ەو لەیەکەم کۆنفراسی کۆمەلە لە١٥-١٢-٢٠١٢بەشداربووە.

- لەڕۆژنامەوبلاوکراوەکانی (هەنگاو، تەقتەق، هاموون، خەرمان، تەقتەقی نوێ، ئامانج، کوردستانی نوێ، ڕێگای کوردستان، رزگاری، سایتی پیوکەی میدیا،گۆڤاری کەکۆن ) بابەتی جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوە.

- ئێستا لە خوێندنگەی (مەشخەڵی بنەرەتی ئێواران )مامۆستای کۆمەلایەتی یە.

- لەبلاوکراوەکانی نوسەر:

١- تەقتەق، پەلکەزێرینەی کەنارزێی بچووك ، ٢٠٠٧، لێکۆلینەوە.

٢-حاجی، کرمانجێك لەوپەڕی مەزنیدا، ٢٠١٢، لێکۆڵینەوە.

٣-کەسایەتی دکتۆر رەئوف ژیان وکاروهەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی٢٠١٢، کەسایەتی.

٤- پارتیزانەکانی کەرکوك، ٢٠١٢، بەدواداچون وبیرەوەری.

## پێشەکی

خوێنەری بەرێز ئەوەی لەبەر دەستی تۆدایە بیرۆکەی نوسینی دەگەرێتەوە بۆ کانونی یەکەمی ساڵی ۲۰۰۷ئەوکاتەی سەرنووسەری ڕۆژنامەی تاك بووم، بەسەردانێکی مەیدانی چوومە گوندی ناوبراو و لە پارچە زەوی (جوجەرە) چەند وێنەیەکی شوێنەواری و قەڵاکەم گرت، دواتر دەستم کرد بەکۆکردنەوەی زانیاری زیاتر لەسەر قەڵای ساتوقەڵا ئەویش لەرێگەی سەردانی مەیدانیەوە و هاتوچۆکردن بۆ لای خزمانی ساتوقەڵا،ئەوەی کۆمدەکردەوە لەڕاپۆرتی ڕۆژنامەنوسی لەکوردستانی نوێ و تاك وگۆڤاری کەکۆن بلاوم دەکردەوە لەگەڵ دەستپێکردنی کنەوپشکنینی گردی ساتوقەڵا لەلایەن شارەزایانی بیانی لەزانکۆی لایدنی هۆڵەندی و لایبزگی ئەلمانی لەساڵی ۲۰۱۰ەوە زیاتر بایەخم بە بیرۆکەکە دا، هەربۆیە ناونیشانی ئەم کتێبەم(ساتوقەڵا هەرێمی ئیدۆ، سەردانی مەیدانی و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنوسی)یە، ئەویش لەسێ بەشدا خراوەتەڕوو، بەشی یەکەم باسکردنە لەسەر ساتوقەڵای هاوچەرخ و ناوەکەی لەچیەوە هاتووە



وبەچیەوە خەریکن و مێژوی خزمانی ئورمزیارو کەسایەتی و شەهیدانیان وبیروبۆچونم سەبارەت بەناوچە شوێنەواریەکە و تا ئێستا چی دۆزراوەتەوە و کەموکورتیەکان وهۆکارەکانی وپەیوەندی بەدەوروبەرەکەیەوەوتاد.

لەبەشی دووەم ئەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەنوسیانە دەخوێنیتەوە کە لە ڕۆژنامەی تاك وکوردستانی نوێ وگۆڤاری کەکۆن بلاومکردۆتەوە لەگەڵ ڕاپۆرتی کۆتایی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە لەهەردوو وەرزی کنەوپشکنینەکە و بەشی سێیەمیش وێنەی دیکۆمێنتاری قەلاکەیە کە هەندێك وێنەیان لەسەردانە مەیدانیەکان خۆم گرتوومە و هەندێکیش لەپەیجی تۆرەکۆمەلایەتیەکەی فەیسبوك لە ڤان سۆلد وجینیزیا پاپی و ئەرنە وتاد وەرم گرتووە، بەو هیوایەی سەرەتاییەکی دڵخۆشکەرانەم لەمێژوی شوێنەواری ساتوقەلا خستبێتە ڕوو و هاندەرێکیش بێت بۆ خوێندکارانی بەشی شوێنەوار، کە لەهەر کنەوپشکنین-ێك بەشداربوون تێبینی وسەرنجەکانی خۆیان تۆماربکەن چ لەلای خۆیان یان لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا، ئومێدەوارم خزمەتێکی بچوکم کردبێت بەگوندو شوێنەواری ساتوقەلا.

ئاراس ئیلنجاغی

٥-شوبات-٢٠١٣

تەقتەق

# بەشی یەکەم

## ساتوقەڵاَ هەرێمی ئیدۆ

## هەڵکەوتەی جوگرافیای گوندی ساتوقەڵا

گوندێکە لەرووی ئیدارییەوە سەربەناحیەی تەقتەق-ە و بەدووری (١١)کیلۆمەترو(٥٠٠)مەتر لەڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی تەقتەق لەکەناری زێی بچوك هەڵکەوتووە(١)،کەوتۆتە نێو هێلی پانی(٣٥,٥٢-٣٥,٨٧)پلەی باکوری نیوەگۆی زەوی و لەنێو هێلی درێژی (٤٤,٤١-٤٤,٦٩)پلەی ڕۆژهەلاتی گۆی زەوی و بەرزی چەقی گوندەکە لەرووی ئاستی رووی دەریاوە (٣٦١)مەترە(٢).

هەرچەندە لەنەخشەی کادسترۆی ساڵی ١٩٥٧ی بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕووپێوی عێراق ناوی گوندەکە بە(ساتوقەڵا وکارێز)هاتووە، بەلآم(کارێز) گوند نیە و ئاقارێکی ساتوقەڵایە و بەدووری(١)کیلۆمەترو(٧٥٠)مەتر لەڕۆژهەلاتی ساتوقەڵا-ەوەیە(٣). ساتوقەڵا هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی (کانی ڕەش و داربەڕوو)لەڕۆژهەڵات و (مەلازیاد)لەڕۆژئاوا و گوندەکانی(شیوەجان و گەرمکی ساتوقەڵا) لەباکورو باکوری ڕۆژئاوا و هەروەها لەباشوریەوە بەدرێژایی(٢)کیلۆمەتر لەکەناری ڕاستی زێی بچووك هەڵکەوتووە و وەك دیاردەیەکی سروشتی لەگوندەکانی ناحیەی ئاغجەلەری قەزای چەمچەماڵی جیادەکاتەوە،ئەوانیش گوندەکانی(گردخەبەر)و (قەسروك)ن.(٤).

---

١-نەخشەی کەرتە کشتوکالیەکانی بەشی زەوی و زاری هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەق، ئامادەکراو لەلایەن ڕووپێوی یەکەم (عەلی عومەر) لەساڵی ٢٠١١.

٢-نەخشەی هێزەچەکدارەکانی عێراق ، ڕووپێوی سەربازی، بۆساڵی ١٩٨٦.

٣-نەخشەی کادسترۆی گوندی (ساتوقەڵاۆکارێز)لەبەرێوەبەرایەتی ڕوپێوی گشتی عێراق لە ١٦ی نیسانی ١٩٥٧کێشراوە، بەژمارە کەرتی(٤٢)و ژمارەی تۆماری(٧٥٤٧).

٤-نەخشەی بەشی زەوی وزاری هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەق، سەرچاوەی پێشوو





## ناوی ساتوقەڵا لەچیەوە هاتووە

بەبێ گەڕانەوە بۆزمانەکانی گەلانی دێرینی میزۆپۆتامیا، دوو بیروبۆچونی جیاواز لەسەر ناوەکە لەئێستادا بوونی هەیە ئەوانیش:

یەکەم: گوایە ووشەیەکی تورکیە بەمانای (قەڵای دوڕاو) دێت(٥)،هەرچەندە تورکە عوسمانیەکان بۆماوەی زیاتر لەچوارسەدە دەسەلآتیان بەسەرناوچەکەوە هەبووە، بەلآم ئەوە ئەوە ناگەیەنێ کە زۆربەی ناوچەکان ناولێنان-یان تورکی بوویێت، بەڵکو بەفۆنەتیك وەدەنگی ئەوان ووشەکە لەڕێنوس و خوێندنەوە گۆڕان وخزانی بەسەرداهاتووە، خۆئەگەر ووشەیەکی تورك-یش بێت بەم شێوەیە بووە(sutu kale)یان (kale sutunu)، کە بەخوێندنەوەی کوردی (ستو قەلآ) یان(قەلای ستونی) دەخوێنرێتەوە، ئەمەش بەمانای(قەلآی ڕاگر)دێت،کەواتە ئەگەر تورکی بێت بەمانای (قەلآی ڕاگر) دێت نەوەك(قەلآی دوڕاو)، قەلای ڕاگریش ناوە واتاییەکەی(مەعنەوی) قەلآی خۆڕاگرو کۆڵەگە و نەبەزیووە، بەمەش واتا پێچەوانەی (دوڕاو) ، یان ووشەی (ڕاگر) وەك خۆی سەیر بکرێت لەڕووی بیناسازییەوە بێت واتە دروستکردنی قەلاکە ستونی(عامودی) بووە، لەزەوییەوە بۆ ئاسمان هەڵتۆقیوە وبونیاتنراوە، بەهەر حاڵ بەش بەحاڵی خۆم ئەم بیرۆکەیە پەسند ناکەم تەنها ئەوەندە نەبێت کە دەکرێت بڵێین(ساتوقەڵا) بەهۆی حوکمی دوورودرێژی عوسمانیەکانەوە لەناوچەکە بەفۆنەتیك وڕێنوسی تورکی قاڵبێکی بەتورککردنی بەبەرداکراوە، چونکە (ستون) ووشەیەکی ئەمڕۆی زمانی کوردی زیندووە وگوندنشینانی

---

٥-چاوپێکەوتن لەگەل دانیشتوانی گوندەکە هەریەك لەبەرێزان(هیمداد ئیسماعیل عەبدوللا عەلی حاجی لەدایکبووی ١٩٦٤ی ساتوقەلا وخالید مستەفا عەبدوللا عەلی، لەدایکبووی ١٩٦٥ی ساتوقەلا لەبەرواری(١١-١٢-٢٠١٢ڕۆژی سێشەممە).

ساتوقەڵاش بەکاری دەهێنن واتە پێچەوانەی(ئاسۆیی) بەمەش ووشەکە لەکوردی نزیکترە نەوەك لەتورکی.

دووەم:لەناوی پادشایەکەوە هاتووە کەبەر لەزایین فەرمانڕەوایی لەو قەڵایەدا کردووە بەناوی(ساتۆ)،لولوبییەکان کە یەکێکن لەو نەتەوە دێرینانەی کەنەتەوەی کوردی ئێستایان پێکهێناوە،کە هاوچەرخی سۆمەری و ئەکەدی و بابلیەکان بوون لەسەدەی بیست وسێیەمی پێش زایین لەو ناوچەی ئەمڕۆی ساتوقەڵا ڕاکەوبرۆیان بووە لەسەر پاوانخوازی و بونیاتنانی شارستانیەتی میزۆپۆتامیا، پادشایەکیان هەبووە بەناوی(ساتونی) یان(ساتۆنی) کە وەك چۆن پادشا(دیاکۆ)ی میدییەکان هەموو هۆزەکانی کۆکردەوە وبووە بناغەی ئیمپراتۆریەتی (میدی یان دەولەتی ماد)، ئەویش لەسەردەمی خۆی هۆزەکانی لولوبیەکانی کۆکردۆتەوە دژی پەلاماروشالاوی (نارام سین)ی ئەکەدی،بەلام لەشەرێکدا نارام سین شکاندویەتی و وولاتەکەی داگیرکردوون(٦)لەوانەیە لەهەزارەی دووەمی پێش زایین سەنتەری فەرمانڕەوای لولوبیەکان بوبێت کەپایتەختەکەی ناوی(ساتوقەڵا)بووە(٧)لەمێژووی کۆنی بەر لەزایین-یش هەم گۆتیەکان وهەمیش لولوبیەکان ململانێیان لەوناوچەیەدا کردووە کە یەکەمیان پایتەختەکەی ئارابخا دەوروبەری کەرکوك و ئەویتر ناوچەی شارەزووی سلێمانی ئەمرۆ بووە، هەرلەم ڕووەوە بیربۆچونی دووەم پەسندەکەم و ساتوقەڵا لەناوی پادشای لولوبییەکانەوە ساتونی-یەوە هاتووە.

٦-زەکەریا ئەلحەسری، ئامێرەکانی نوسین بەدرێژایی مێژوو، گۆڤاری(حوار)ی ژمارە(٣٦)ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٩، بابەتێکی هەفتەی ڕۆشنبیری دیمەشق، لە٥-١٢-٢٠٠٩خراوەتەڕوو.

٧-جەمال فەتحوللا تەییب،کۆیە،لێکۆلینەوەیەکی مێژویی سیاسیە،نامەی ماستەر لەزانکۆی سلێمانی،٢٠٠٥،لاپەرە١٤٤.





## پیشەی سەرەکی دانیشتوانی ساتوقەڵا

ساتوقەڵا کەرتێکی کشتوکاڵیە و ژمارەی کەرتەکەی(٤٢)ەو سەربەهۆبەی کشتوکاڵی تەقتەق-ە،تێکرای ڕووبەری کەرتەکشتوکاڵیەکە(٣٩٢٨)سێ هەزارونۆسەد وبیست وهەشت دۆنمە، نزیکەی(١٠)کیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێت، ٩٩٥دۆنمی شیاوی چاندنی هەیە وکە ١٥٢دۆنمی بەراوی میریەو٨٣٣دۆنمی پشتاوەو ١٠دۆنمی ڕەزی میریە و دۆنمی بەراو وپشتاو و ڕەزی تایبەتیان بەناوەوە نیە(واتا تاپۆ نیە)،نزیکەی(١٧٠٠)دۆنمی پاوانە و(١١٨٨)دۆنمی بەراویتر و (٤٥)دۆنمی خانوبەرەو حەرەمی گوندەو (١)کارێزیشی هەیە(٨)

لەمەوە دەردەکەوێت پیشەی سەرەکی دانیشتوانی ساتوقەڵا کشتیارییە، بەرهەمهێنانی بەروبومی کشتوکاڵی(دانەوێلە و سەوزەوات)ەو بەخێوکردنی ئاژەڵە،بەگوێرەی ئاماری ساڵی ٢٠١٢ی بنکەی ڤێرتێرنەری تەقتەق (٦٦٧)سەرئاژەڵی تێدا بەخێوکراوە لەلایەن(١٥)ئاژەڵدارەوە کە(٤٦٥)سەر مەڕ و (١٧٨)سەربزن و(٢٤)سەرمانگایە(٩)

٨-تۆماری بەشی ڕێنمایی، هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەق، بۆساڵی ١٩٧٥.

٩-چاوپێکەوتن لەگەل دکتۆر هیوا نورەدین نامق، لێپرسراوی بنکەی ڤێرتێرنەری تەقتەق، لە(٢٠١٢/١٢/٣)

# دانیشتوانی ساتوقەلاٚ

لەئاماری بەرێوەبەرایەتی ئاماری کۆیە بۆساڵی (٢٠٠٧) گوندی ساتوقەلاٚ(٥٩)خێزانی تێدا نیشتەجێبووە وژمارەی دانیشتوانەکەی(٢٧٦)کەسە و کە(١٣٧)کەسیان نێرو(١٣٩)کەسیشیان مێینە بوون،بەلاّم لەساڵی(٢٠١٣) ژمارەی خێزانەکان(٤٥)خێزانەونزیکەی (٢٢٥)کەسی تێدایە([10])،لەڕووی تیرەگەرییەوە هەموویان لەتیرەی(ئورمزیار)ن و گوندەکە لە(٣)بەرەبابی سەرەکی پێکهاتووە(بەرەی عارف و بەرەی حاجی سەعید ئەم دوو خانەوادەیە برابوون و خانەوادەی سێیەم بەرەی (مام عەوللاٚ)بووە، کەسەربەهەمان تیرەن،جگە لەمانە خانەوادەیەکیش بەبنەچە لەئیلنجاغی ناحیەی شوانەوە هاتوون و لەگوندەکە نیشتەجێبوون([11]).

ئەمانە کێخوای گوندەکە بوون(کێخوا حاجی سەعید وەلی عەلی) و(کێخوا رەشید کێخوا سەعید کوری وەلی)و(کێخوا جەلاڵ کوری سەعید وەلی) دیارترینیان کێخوا سەعید وەلی بووە کە لەژیانیدا( ٩)ژنی هێناوە و (١٣)کوڕی هەبووە و بەکاری کشتیاری و ئاژەڵدارییەوە خەریکبووە و(بەسەعەی وەلە) ناسراوبووە،سمێلێکی گەورەی هەبووە وعەگالی لەسەرناوە وکەواوسەڵتەی لەبەرکردووە([12]).

١٠-چاوپێکەوتن لەگەل ئەنجومەنی گوندەکە(ستارجەلال سەعید وەلی) لەدایکبووی١٩٥٥ی ساتوقەلاٚ لەبەرواری(١٠-١٢-٢٠١٢)

١١-چاوپێکەوتن لەگەل هاولاّتی(وەلی رەشید سەعید وەلی) لەدایکبووی ١٩٥٠ی ساتوقەلاٚ لەبەرواری(٢٢/٣/٢٠١٢)

١٢-چاوپێکەوتن لەگەل هاولاّتی (وەلی ڕەشید سەعید وەلی) سەرچاوەی پێشوو.





ساتوقەلاٚ لەساڵی خوێندنی( ١٩٦٩-١٩٧٠) قوتابخانەی لێکراوەتەوە و یەکەم مامۆستای گوندەکە ناوی (ئیبراهیم کۆیی)بووە،ئەوکات منالاّنی گوندەکانی (قەسرۆك وگردخەبەروکارێزوگەرمکی ساتوقەلاّو کانی ڕەش ومەلازیاد)لەو قوتابخانەیە خوێندویانە([13])، لەساڵی(٢٠١٢-٢٠١٣)قوتابخانەیەکی شەش پۆلی بنەڕەتی تێدایە و( ٣٧)قوتابی و(٨)مامۆستاو(٢)کارگوزارو(١)پاسەوانی هەیە([14]).

١٣-چاوپێکەوتن لەگەل مامۆستا(ئیبراهیم حەمەد عارف وەلی)لەدایکبووی ١٩٦٣ی ساتوقەلاٚ، لەبەرواری ١١/١٢/٢٠١٢رۆژی سێشەممە.

١٤-چاوپێکەوتن لەگەل مامۆستا(خالید مستەفا عەبدوللا عەلی) لەدایکبوی ١٩٦٥ی ساتوقەلاٚ لەبەرواری١١/١٢/٢٠١٢ڕۆژی سێشەممە.

# شەهیدەکانی گوندی ساتوقەلاَ([15])

لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق پشت ئەستور بەدانیشتوانی گوندنشین و رەنجدەران و کشتیاران و وەرزێران و زەحمەتکێشانی توانیویەتی درێژە بەخەباتی سیاسی و چەکداری خۆی بدات، چونکە ئاواییەکان شوێنی خۆحەشاردان و خۆرێکخستنەوە و نەخشەدارێژان وبنەگە وبارەگای پێشمەرگەبوون، هەربۆیە زۆر ئاساییە ئەو گوندانە و هاونشینانی ببنە بەشێك لەقوربانیەکان چ وەك سوتان وتالاَنکردنیان یان وەك شەهیدبوونی هاولاَتیانیان وکورە پێشمەرگەکانیان و ئەنفالکردنیان کەم تا زۆر گوندی ساتوقەلاَش بەشێك لەو قوربانیدانەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی بەرکەوتووە چ لەسەنگەری ڕووبەروو بوونەوە چ لەکاتی کاسبی وبەدەستهێنانی بژێوی ژیان و چ وەك بەرکەوتوانی شالاَوی دڕندانەی ئەنفال،کە( ١٦) شەهیدی بەخشیوە، (٧) پێشمەرگەو (٢) ئەنفالکراو(٧) هاولاَتی، ئەمانەی خوارەوەش ناوی ئەو قوربانی و شەهیدانەی گوندی ساتوقەلاَ-ن:

١- شەهیدی هاولاَتی (جیهان بەخش عارف وەلی)سالَی ١٩٦٣بەفرۆکەی رژێمی عێراقی ئەوکات    شەهیدکراوە.

١٥-چاوپێکەوتن لەگەل(ستارجەلال سەعید و وەلی رەشید سەعید وهیمدادئیسماعیل عەبدوللاوفەلاح جەوهەر رەشیدوخالید مستەفا عەبدوللا و ئیبراهیم حەمەد عارف وەلی)لەسێ بەرواری جیادا(٢٢-٣-٢٠١٢و١٠-١٢-٢٠١٢و١١-١٢-٢٠١٢).





٢-شەهیدی پێشمەرگە (زرار فارس سەعید وەلی) پێشمەرگەو سەردەستەی شۆرشی ئەیلول، لەنێوان کێوەڕەش و قەسرێ سالَی ١٩٧٤شەهید بووە و هەر لەوێش نێژراوە و بەخاك سپێردراوە.

٣-شەهیدی هاولاَتی (ئەسوەد تۆفیق محەمەد)بەفرۆکە مەرگ چێنەکانی رژێمی ئەوکاتی عێراق ،لەسالَی ١٩٧٤ لەگوندی ساتوقەلاَ شەهیدکراوە.

٤-شەهیدی هاولاَتی (ئەکرەم عەلی سەعید) لەسالَی ١٩٨٥شەهیدکراوە.

٥-شەهیدی پێشمەرگە(زێدان ئەبوبەکر سەعید)ناسراو بە(هیوا) پێشمەرگەی(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لە (دێگەلە) سالَی ١٩٨٦ شەهید بووە.

٦-شەهیدی هاولاتی(ئەستی حەمەسالَح سەعید) لەشالاَوی ئەنفال سالَی ١٩٨٨ئەنفالکراوە.

٧-شەهیدی هاولاَتی(حەلیمە عەزیز عارف) لەشالاَوی ئەنفال سالَی ١٩٨٨ئەنفالکراوە.

٨- شەهیدی هاولاَتی(مەیاس عەبباس سەعید) لەکۆرەوی ١٩٩١.

٩-شەهیدی هاولاَتی(خانم حەمەدەمین مستەفا)لەکۆرەوی ١٩٩١.

١٠-شەهیدی هاولاَتی(دلێر سەلیم کەریم رەشید)لە کۆرەوی ١٩٩١.

١١-شەهیدی هاولاَتی(فواد ئازاد عەزیز عارف) لەکۆرەوی ,١٩٩١

١٢-شەهیدی پێشمەرگە(جومعە شوکر رەشید) لەریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسالَی ١٩٩٦لەبنەباوێ لەدۆلی سماقولی شەهید بووە.

١٣-شەهیدی پێشمەرگە(ئاری ئەسعەد تۆفیق محەمەد)لەریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەساڵی ١٩٩٧لەدۆڵی سماقوڵی شەهیدبووە.

١٤-شەهیدی پێشمەرگە(جەبار جەلال سەعید)لەریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ٤-١٠-٢٠٠٠لە قەندیل بەردقلشیو شەهیدبووە.

١٥-شەهیدی پێشمەرگە(زاهیر حەوێز عارف) لەریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە٤-١١-٢٠٠١لەشنروێ شەهیدبووە.

١٦-شەهیدی پێشمەرگە (شوانە عەزیز عەولاًیابە)لەریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٣لەنێوان کەرکوك وپردێ شەهید بووە.





## مەیکەنە دیوەخانەکەی ساتوقەلاً(١٦)

دیوەخان، قۆناغ ونوان ودالّدەی ڕێبوارو دێوەرە و میوان ولێقەوماوان بووە،لەدێر زەمانی میللەتی کورد ڕەمزوهێمای میواندۆستی وخانەدانی وجێگەورێگەی خزمەتگوزاری پێشکەشکردن وپێدانی نان وئاو وخەسڵەتی نمەکگیری وئەدگاری بەرزی سەخاوەت وپیاوەتی وجوان مێری بووە، شوێنی ڕاوێژومشتومڕوتاوتوێ وتەتەڵەکردنی بابەتە هەنوکەیی وکاروبارە ڕۆژانەیی یەکانی خەڵك وهاولاًتیان بووە وئەنجومەنی پیران و خانووی کۆڕتیاگرتن و شوێنی بڕیاروتەکبیر وچارەسەرکردنی گرفتە هەڵواسراو وگرێ گوێرەکان بووە، شانبەشانی ئەمانەش بۆ ئەوەی دیوەخان کەموکوری نەبێت، دەبێت خان وتەویلەیەکی کاروان سەرای شێوەگەراجی پشوودانی وولاًغ وباربەروهۆروئاخوڕوکادینێکی بەقوڕسواخدراوی هەبێت تاوەکو جۆکا بۆوولاًغەبەرزە لەمشەبێت، داهاتی دیوەخانیش بەڕەنج و کۆشش ووەرزێری وکشتیاری و ئاژەڵداری و بەرهەمی ڕەزوباغ ودوور لەڕێگری و جەردەیی و مشەخۆری و بەئارەق ڕشتن و بیری جوانی وەبەرهێنانی خاوەن دیوەخان بەردەوام بێت وتیایدا کەسێك براگەورەیەکی لەخۆبردوو بێ بەماڵ وبەگیان ودەرگای ئاوەلاً کردبێ بۆخەڵك، بەمەش توانیویەتی کەسایەتیەکی سەنگین وبەویقاروخاوەن بڕیاروجێگای متمانەی خەڵك بۆخۆی بەدەستبێنێ و چەندین نەوەوپشتی دوای خۆی شانازی پێوبکەن.

ئەوەی لێرە دەمەوێ ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی بۆبکەم ئەو درکەوئیدیۆم و گۆتە باوەیە،کە لەتەقتەق و دەشتی کۆیە وووراتی کۆیە، چەندین ساڵە دەووترێت ولێرەولەوێ لەکۆڕوکردبوونەوەوئیش وکارەکانی ڕۆژنەماندا

١٦-ئەم بابەتەم لەگۆڤاری(کەکۆن)ی ژمارە(٢٢)ی تەمموزی ساڵی ٢٠١٢لاًپەڕە ٣٤بلاًوکردۆتەوە

بەرگوێمان دەکەوێت ئەویش کینایەی "مەیکەنە دیوەخانەکەی ساتوقەڵا"یە، هەر لێرەوە زاراوەی (دیوەخان)ی گوتەکە دەبێت هەموو مەرجەکانی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکردووە لەخۆی گرتبێ و دەبێت هەر واش بووبێت، بۆیە پێی ووتراوە دیوەخان، دانیشتوانی هاوچەرخی گوندی ساتوقەڵا، بەگوێرەی ئەوەی حەوت بۆ هەشت پشتی خۆیان دەزانن کەواتە دوای گرانی گەورەی ساڵی ١٨٣١زاینی کە بەهۆی نەخۆشی تاعونەوە دروستبووە، خزمانی گوندی ساتوقەڵا کەلەتیرەی هورمزیارن بەدووری ١٣کیلۆمەتر لەخۆرهەڵاتی تەقتەق نیشتەجێبوون و ئەم گوندە خنجیلانەی کەنارزێی بچوکیان ئاوەدانکردۆتەوە و یەکێك لەباپیرانی ئەمانە بووە بەخاوەن قۆناغ و دیوەخان، ئەم دیوەخانە تا سەعیدی مام وەلی کە (بەسەعەی وەلە) بەناوبانگ بووە بەردەوام بووە.

تائێرە ئاساییە، بەڵام زاراوەی (مەیکەنە)کەکاری داخوازیە لە ڕێزمانی کوردیدا لەبەرچی گوتراوە وبووە بەوێردێکی درکەیی سەرزاری خەڵکی، ئەمە بیروبۆچونی جیای هەڵگرتووەولێکدانەوەی دژبەیەکدی بۆ کراوە، خزمانی ساتوقەڵا پێیان وایە دیوەخانێکی گەورەی قۆناغ ومەنجەڵی گەورەی زنجیرداری لەچێشتخانەوئاگردانەکەی هەبووە وخەڵکی نەداروهەژاروبرسی تیایدا تێرکراون ورۆژانە ئەو سەخاوەتی و نان پێدانە بەردەوام بووە، وە دەڵێن ووتراوە"کردیانە دیوەخانەکەی ساتوقەڵا"نەوەك "مەیکەنە دیوەخانەکەی ساتوقەڵا"، کە ئەمەش بەبۆچونی ئەوان واتە وەك دیوەخانەکەی حەماغای گەورەو حەمەقەدۆی موسڵ بووە، بیروبۆچوونە دژوجیاوازەکەی کە لەسنورەکە باوە دەڵێت:"دیوەخانەکەی ساتوقەڵا بەمانای ووشە دیوەخان بووە بەڵام دوای مردنی براگەورەکە، ئەوانەی دوای





ئەو بەگوێرەی بارودۆخی ئابوری و داهات و ڕووتێکردنی کەمی بەرهەم وهەڵکشان وداکشانی ژیان، نەیانتوانیووە درێژە بەدیوەخانەکە بدەن، و گوایە دیوەخانەکە ٤٠پێ درێژو١٠پێ پان بووە، لەحەوشەکەی تەویلەو خانی هەبووە، بەڵام دوای نەمانی کەسی یەکەمی خاوەن دیوەخان، یەکێك لەکورەکانی لەناوەڕاستی دیوەخانەکەوە پەردەیەکی هەڵواسیووە ودرێژییەکەی کردووە بە٢٠پێ، ڕوونتر ڕووبەری دیوەخانەکەی بچووك کردۆتەوە، بیروبۆچونی سێیەمیش دەووترێت"گوایە دوای نەمانی کەسی یەکەم هیچ کام لە نەوەکانی نەیانتوانیووە ببنەخاوەن بڕیاروکەس گوێ ی بۆ کەس نەگرتووە و هەر بابایەولەجێگەی خۆیەوە قسەی کردووە وڕاوێژوڕێزگرتن لە بەرامبەرکەم بووە، کەواتە ووشەی (کردیانە)و(مەیکەنە)لەگەڵ بیروبۆچوونە دژەکانی خەڵکی گوندەکە یەك دەگرێتەوە، منیش دەڵێم دەستاوی هەرئاگردانێ کەشێرە کوروگەورەپیاوێك دروستبکات ، خەمی ناوێت ئەگەر ئاگردانەکەش ڕۆژێك لەڕۆژان کزو ڕووەوخامۆشی بێ، ئەوا ئەو نەژادوتوخمە لەکات وساتێکیتر سەرهەڵدەداتەوە، قەد ئاگری ئەو ئاگردانە ناکوژێتەوە، دیارە ئەمەش بۆیە ووتراوە بۆ پەندوئامۆژگاریکردنی نەوەکان بووە تا سوود لەڕابردوو وەربگرن وکاری کەپێویستە نەکرێ، نەکرێ و وەمەبەستی بەندەش خزمەتکردنی ئیدیۆمی کوردیەو دەوڵەمەندکردنیەتی و ساتوقەڵای کەنارزێی بچووکیش هەر ئاوەدان و ڕازاوەبێ .

## ئەوەی لەساتوقەلاٚ دۆزراوەتەوە

**ئەوەی تا ئێستا بەدرێژایی سەدەی بیستەمی ڕابردوو و دەیەی یەکەم و دەیەی دووەمی سەدەی بیست ویەك دۆزراوەتەوە ئەگەر بارودۆخی هەرێم و ناوچەکە لەباربووایە ئەوە کەمترین کەلێنی مێژووی ئەو شوێنەوارە دێرینە دەمایەوە کە زانیاریمان لەبارەیەوە نەبێت، بەلاٚم بەداخەوە ئەوەی کە دەگێردرێتەوە تەنها مشتێکە لە خەروالّی شتەدۆزراوەکانی ساتوقەلاٚو کەم شتێکی لایەنی پەیوەندیدارلە عێراق وکوردستان بەدەستیەوەیەتی لە مۆزەخانە وبەرێوەبەرایەتیەگشتیەکانی شوێنەواردا هەلّگیراون.**

**چەندین پارچەی شوێنەواری لەم قەلاٚیە دۆزراوەتەوە وەکو پارچەگۆزەی ئاسایی و ڕەنگاوڕەنگ ونوسراو بەخەتی مێخی و چەندین کوپەی قەبارە بچووك وگەورە وجیاجیا و دراوی جۆراوجۆر وگۆزەی مۆرکراو وپارچە بەردی هەلّکەنراو بەخەتی مێخی و قاپ وقاچاغی لەقوڕدروستکراو و خشت وکونجی سورەوەکراوی لەقوڕ دروستکراو ونوسینی مێخی لەسەر و کێلّەبەردی وێنە لەسەر هەلّکەندراو وبەردەئەستێ وبەردە دەستاڕوبەردەجۆنی ومۆری لولەیی سەردەمی ئاشورییەکان کە وێنەی مرۆڤ وئاژەلّی لەسەربووە ویان لەمس یان لەبەرد دروستکراون ، بڕەڕەی لەبەردە(صوان) ی شێوەی چەقۆی تیژوبچووك، خشتێکی دۆزراوەی ئەو گردە شوێنەوارییە لە ئیزبارەی ژمارە(٨٨٤٨٧)ی بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری کوردستان دا نوسینە مێخیەکەی سەری بەو شێوەیەی خوارەوەیە:**

**کۆشکی با ئیلیمی پاشا ولاٚتی ئورولی( ؟ )**

**پاشای ولاٚتی ئورولی( ؟ )**





**ئەو کۆشکەی ئوروسونی**

**ئەو............( ؟ )**

**ولاٚتی........ کۆشکی بائیلانی**

**ئەو نویێ ی کردەوە[١٧]**

**هەروەها لەسالّی ١٩٩٣گۆزەیەك دۆزراوەتەوە کە ٩٠سم بەرزو ٧٠سم پانە و ئێستا لەمۆزەخانەی هەولێرەو تەمەنەکەی دەگەرێتەوە بۆ(١٨٠٠-٢٢٠٠)سالّ،واتە زەمەنی(فریتی) لەگەلّ چەند زێروخشلّ و دیواری خشت ودراوی جۆراوجۆری ڕۆژهەلاٚتی ویونانی وڕۆمانی وئیسلامی[١٨]**

**وە لەسەر گردوقەلاٚکە چەندین گۆڕی جۆراوجۆری لێ هەلّدراوەتەوە کە لە یەکێك لەرووفاتەکاندا گوارەی زێڕی تێدابووە، لەگەل دۆزینەوەی هەسان ولیرە جگە لەوەی لەسەرگردەکەوە تا ڕێگای گشتی(تەقتەق-ئاشتی)بەنزیکەی(١-٣)مەتر لەژێرگلّەوە کەل وپەلی شوێنەواری جیاجیا دەدۆزرێتەوە، وەلەدوای ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ەوە بوکلەیەکی شوشەی زێڕ دۆزراوەتەوە بە(٣)سێ هەزار دیناری سویسری ئەوکات فرۆشراوە بەقاچاغ[١٩]**

---

١٧-نیاز عەزیز ئۆمەر، لێکۆلّینەوەیەکی مەیدانی لەسەر دوو شوێنەواری ناوچەی تەقتەق(گردی ساتوقەلاٚ-قەلاٚی بۆگد)ئەم لێکۆلّینەوەیە پێشکەشی بەشی شوێنەواری کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددینی هەولێرکراوە، وەك بەشێك لەپێداویستیەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەبواری شوێنەواردا، بەسەرپەرشتی(د.نەرمین عەلی حەمەدەمین)لەسالّی ٢٠٠٨زاینی، لاپەرە١٦.

١٨-دەستنوسێکی نوسەروڕۆژنامەنوس(تارق تۆفیق حەمەدەمین)ناسراو بە تارق کارێزی کە لە ٨-١-٢٠١١کە بۆ (کۆسرەت تەها حەمەدەمین)ی ئامۆزای ناردووە و کۆپیەکی ئەو دەستنوسەم بەدەست کەوتووە.

١٩-چاوپێکەوتن لەگەل وەلی ڕەشید سەعید وەلی لەدایکبووی ١٩٥٠ی ساتوقەلاٚ لەبەرواری ٢٢-٣-٢٠١٢، جگە لەمانە باسی ئەوەی دەکرد کەسالّی ١٩٧٠دراوێکیان دۆزیوەتەوە دایکی خستویەتیە ناو

هەروەها لەپارچە زەوی(جوجەرە) بەدووری (٥٠٠)مەتر لەسەرووی خۆرهەلاّتی گردەکەوە لەکاتی کێلانی زەوییەکە بەردێك دۆزراوەتەوە، پارچەپارچە دەبوو، بەوە دەچێت ئەو شوێنە کارگەیەك بوبێت لەسەردەمەکانی پێش زایین[٢٠]

قەڵنەوسینی لەقوڕ دروستکراو ولەگەڵ گۆڕی شێوە بەلەمی دۆزراوەتەوە کە ئێسك وپروسکی منالێکی ساوای تێدابووە، ئەو گۆزانەشی کەبینراونەتەوە زیاتر بۆسەردەمی کلّدانیەکان دەگەرێتەوە، زۆر جۆرە دراو و سکەی جۆراوجۆری ئیسلامی کە (لااله الا الله)ی لەسەرنوسراوە و دراوی ئەسکەندەری یەکەم و دووەم کە یەکێکیان لەزێڕبووە وئەویتریش لەزیو، وە کونجی ئاوەڕۆی بەدرێژی(١-١,٥)مەتر لەڕۆژهەلاتی گردەکە بەلای کەنار رووبارەکەوە دۆزراوەتەوە[٢١]

وە دۆزینەوەی خشتی لەقوڕ دروستکراو لەسەرەتای سەدەی بیستەم(١٩٠٠-٢٠٠٠) کە بەخەتی مێخی هاوکێشەی بیرکاری لەسەر تۆمارکراوە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سۆمەرییەکان لەو ناوچەیەدا ژیاون[٢٢]

---

ماست-ەوە دواتر بە دوو دینار و پێنج سەد فلس-یان فرۆشتووە ئەوکات باشترین و ئازاترین کرێکار ڕۆژانەی ١٠٠فلس نەبووە.

٢٠-چاوپێکەوتن لەگەل(هیمداد ئیسماعیل عەبدوللاّ، لەدایکبووی ١٩٦٤ی ساتوقەلاّ،لە١١-١٢-٢٠١٢)

٢١-چاوپێکەوتن لەگەل (ئیبراهیم حەمەد عارف وەلی، لەدایکبووی ١٩٦٣ی ساتوقەلاّ،لە١١-١٢-٢٠١٢.

٢٢-بەڵگەنامەکان دەبن بەشایەت حالّی ڕاستیەکان، حەمید میرخان، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(١٥)ی سالّی دووەم، ئازاری ٢٠٠٦، لاپەرە(٣).





هەروەها (تەها باقر و فوئاد سەفەر)لەکتێبی (المرشد الی المواطن الاثار والحضارة، الرحلة الرابعة، بغداد،١٩٦٥، لاپەرە ٣٧دەلێن"گۆزەیەکی مۆرکراو لەو گردە دۆزراوەتەوە کە نوسینی مێخی لەسەر بووە باس لەشاروهەرێمێك دەکات کە پادشای تێدا نیشتەجێبووە.

تارق تۆفیق حەمەدەمین(تارق کارێزی) دەلێت"لەنەخشەیەکدا کە بەزمانی ئینگلیزی چاپ وبلاوکراوەتەوە لەنێو(٣٠)شوێنەواری هەرەگرنگی عێراق ناوی(ساتوقەلاّ)هاتووە، واتە ئەم شوێنەوارە لەریزی شوێنەوارەگرنگەکانی وەك(قەلاّی هەولێر، قەلاّی کەرکوك، شاری بابل، حەزەر، لەگش، ئەریدۆ، زەقورەی عەگەرگوف، ئەشکەوتی هەزارمێرد، ئەشکەوتی شانەدەر، تاقی کیسرا...تاد"[٢٣]

---

٢٣-دەستنوسەکەی(تارق کارێزی)، سەرەچاوەی پێشوو.

# پێشینەی کنەو پشکنینی ساتوقەلاّ

لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و لەساڵی ١٩٥٥تیمێکی شوێنەواری عێراقی کە دوو شارەزای بواری شوێنەواری بەناوەکانی(زەکی حەسەن وحوسێن عەزام) ناردۆتە گردی ساتوقەلاّ وهەر لەو ساڵەدا لە(الوقائع العراقیە) وەك گردێکی شوێنەواری دیاریبیانکردووە([24])

ئیتر لەدوای ئەمساڵە بارودۆخی عێراق وهەرێم بەچەندین گۆرانکاری سیاسی وبارودۆخی نائارامی وەك کودەتای ١٩٥٩ وشۆرشی ١٩٦١ی ئەیلولی مەزن وشالاّوی (حەرەس قەومی)ساڵی ١٩٦٣وپەیماننامەی نەگریسی جەزائیرو سەرهەڵدانەوەی شۆرشی نوێ ی ساڵی ١٩٧٦ و جەنگی عێراق-ئێرانی هەشت ساڵەی(١٩٨٠-١٩٨٨) و شالاّوی ئەنفالی بەدناوی ساڵی ١٩٨٨وخاپورکردنی گوندەکان وپەلاّماری عێراق بۆ داگیرکردنی کوەیت ساڵی ١٩٩٠و ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١و باری ئابوری دژواری نەوەدەکانی سەدەی رابردوو وشەڕی دێوەزمەی ناوەخۆی ١٩٩٤-١٩٩٨ دواجار پەلاماری هاوپەیمانان وئەمریکیەکان بۆ سەر عێراق ساڵی ٢٠٠٣ئەمانە تێکڕا رێگربوون لەئەنجامدانی کاری کنەوپشکنین لەو گردە شوێنەوارییەی ساتوقەلاّ.

دواتر لەساڵی ٢٠٠٦ەوە بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری هەرێم وزانکۆی سەلاحەدینی-هەولێرگرێبەستیان لەگەڵ هەردوو زانکۆی لایدنی هۆڵەندی و لایبزگی ئەڵمانی ئەنجامدا کە کاری کنەوپشکنین بۆ گردی ساتوقەلاّ ئەنجامبدەن لەماوەی(٥)ساڵ وبە(٥)وەرزی جیاجیاوە، بۆ ئەمەش بەرێورەسمێکی ئاشکرا لەبەرواری(٣-٥-٢٠١٠)لەهۆڵی شەهید عەبدولرەزاق لەشارۆچکەی تەقتەق چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

---

٢٤-نیاز عەزیز ئۆمەر، سەرچاوەی پێشوو





# مێژووی ساتوقەلاّ ساغ دەبێتەوە؟

لەقۆناغی ئەمرۆدا ناتوانرێت ئەلقە نەبینراوەکانی مێژوی شوێنەواری ساتوقەلاّ، کەوەك گرێ گوێرە ماونەتەوە ساغ بکرێتەوە، ئەویش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- تا ئەمرۆش ٢٢خانوو و مزگەوتێك لەسەر قەلاّکەدا هەیە و ژیان وگوزەران تێیدا بەردەوامە.

٢-پاشماوەوپاشەرۆکانی دانیشتوانی سەر قەلاّکە و ئاوەڕۆکانیان رێگرن و دەبنە مایەی شیکردنەوە وشیتەڵکردنەوە ورزاندنی پارچەوپاشماوەکان وبگرە شارەزایانی بواری شوێنەواریش هەڵەتە دەکات لەنێوان و ماوە وزەمەنەکاندا.

٣-کارەساتە سیاسی و بارودۆخە ناسەقامگیرەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمی رابردوو(١٩٥٠-٢٠٠٠)کودەتاوشۆڕش و ئەنفال وڕاپەڕین وگەمارۆ ئابورییەکان، کە بەداخەوە لەو نێوەندەدا چەندین پارچە شوێنەواری گرنگ دۆزراونەتەوە و شکێنراون و بێ بایەخانە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.

٤-بەر لەبڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراك لەنێوان ساڵانی(١٩٩١-١٩٩٦)چەندین (بیرەگومانە)و(گۆرهەڵکەن)([25])دەرکەوتن کە بەدڵنیاییەوە پارچەی شوێنەواریان دۆزیوەتەوە وبێ سەرشوێنکراون.

---

٢٥-لەو ماوەیەدا گرانی رووی لە خەڵکەکە کردبوو بەهۆی گەمارۆی هاوپەیمانانی جەنگی کەنداوی دووەم وگەمارۆی حکومەتی ناوەندیش لەسەر هەرێم واتە ٢گەمارۆی ئابوری لەسەر هەرێم هەبوو بۆیە ئەو گۆڕانە هەڵدەدرانەوە کەمەزەندەی هەبوونی شتی شوێنەواریان لێدەکرا، هەروەها بەشێك لەگوندنشینانی ساتوقەلاّش بیرێکیان هەڵدەکەند بەهزروگومانی خۆیان لەوانەیە بگەنە کەلوپەلێکی بەنرخی شوێنەواری قووت وبژێوی خۆیانی پێدەربکەن.

**٥-دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکە بۆ جارێکیتر لەدوای پرۆسەی بەناو ئەنفالی بەعس ، دانیشتوانەکەی خۆڵ وخاکی قەلاَکەیان بەکارهێنا بۆ دروستکردنی خشت و سەرسواقی خانووەکانیان بەمەش خشتگەل و گۆزەگەلێکیتر شکێنراون و بوونە پێ خوست.**

**٦-زێرینگروقاچاغچیەکان کەلوپەلێکی پاشماوەی باشیان بەنادیاری دەستکەوتووە ونازانرێت چۆن وکەی و چی و بەکوێ-یان فرۆشتووە.**

**٧- کەم بایەخی و فەرامۆشکردنی ناوچە شوێنەواریەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و نەبینین وگوێ نەگرتن لەنوسراوەکانی بەرێوەبەرایەتی ناحیەی تەقتەق و شوێنەوارناسان([٢٦])وەك دابین نەکردنی پاسەوان وچاودێر و قەرەبونەکردنەوەی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی قەلاَکە و...تاد.**

**٨-تارق کارێزی دەلێت"سەرۆکی تیمەکەی کنەوپشکنینی ٢٠٠٩-٢٠١٠پسپۆرە لەشارستانیەتی ئاشوری بۆیە وامەزەندە دەکرێت ئەو تیمە نەتوانێت هەموو مێژوی ساتوقەلا ساغ بکاتەوە، لەگەل ئەوەشداهاتن ودەستبەکاربوونی تیمێکی شوێنەواری لەساتوقەلاَدا بایەخێکی یەکجارگەورەی هەیە([٢٧])هەروەها**

---

٢٦-کەمال نوری مەعروف، بەرێوەبەری شوێنەواری گەرمیان لەمانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨لەهەردوو ڕۆژنامەی خەبات وکوردستانی نوێ لەبانگەوازێکیدا هۆشداری دایە لایەنی پەیوەندیدار تایبەت لەسەر شوێنەواری ساتوقەلا لەبانگەوازەکەی دەلێت"یەکێکە لەو گردانەی بەپێی سەیرکردنی پاشماوە وسواڵەتەکانی لە هەزارەی شەشەمی پێش زایینەوە بەبەردەوامی مرۆڤی تێدا ژیاوە و ئاوەدان بووە".

٢٧-دەستنوسەکەی (تارق کارێزی) ، سەرچاوەی پێشوو.





**دکتۆر عەبدوللا خورشید سەرۆکی دەستەی پەیمانگای عێراقی بۆپاراستنی شوێنەواروکەلتور دەلێت:پێویستە چیتر رێگە نەدرێتە تیمەکانی بیانی بەئارەزوو بۆ بەرژەوەندی خۆیان شوێنی شوێنەواری دەستنیشان بکەن، چونکە شوێنەوار ئەمنی نەتەوایەتیمانە([٢٨]).**

---

٢٨-عەلی بانیشاری،کنەوپشکنینە شوێنەوارییەکان مێژوی کوردستان دەوڵەمەندتر دەکەن، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٤٢٢٤)لە٢٦-١٢-٢٠١٢لەڕۆژی چوارشەممە.

# ساتوقەلاٚ و دەوروبەری ناوچەیەکی گرنگی شوێنەوارین

گردی ساتوقەلاٚ یان قەلاٚی ساتوقەلاٚ، تاکە شوێنی شوێنەواری ناوچەکە نیە کە وەك قارچك هەڵتۆقی بێت، بەڵکو وەکو دومەلاٚن چەند دانە و شوێنێکی نزیك خۆی ناوچەی شوێنەواری گرنگ وپڕبایەخی شوێنەواری تری لێ یە کە بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراقی ساڵی ١٩٧٠ لەنەخشەی شوێنەواری بەژمارەو خاڵ ئاماژەی پێکردوون لەوانە(قەلاتی گردخەبەرکە١کلیۆمەتر و ٥٨٠مەتر لەگردی ساتوقەلاٚوە دوورە وکەڕکەی قەسرۆك وگردکە قوڕەی موخەرەس کە ٥کیلۆمەترو١١٠مەتر لەساتوقەلاٚوە دوورە وبەستی گەرمکی ساتوقەلاٚ وسەرکەندی دیار کارێزی مەلازیاد وسەرکەند و سولاوکەی موخەرەس و سەرموٚرد وفرەمالاٚنی باغەجنێر)([29])

شاخی کەڕکە لەگوندی قەسرۆکە و بەرامبەر گوندی مەلازیادە نزیکەی ١کیلۆمەتر و ٩٢٠مەتر لە گردی ساتوقەلاٚوە دوورە، هەر لەو گوندە نزیکە شوێنەواری قەبرۆجکان و گردی لەق لەق و قەلاٚتی سەڵت ئەحمەد هەیە کە ژووری لەشاخ هەڵکەندراوی لێیە([30])

٢٩-نەخشەی شوێنەواری عێراق، بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار،بەغداد ، چاپکراو لەبەرێوەبەرایەتی رووپێوی گشتی، ساڵی ١٩٧٠، لەلای ئەندازیار(ئازاد مامەند خالید)سەرۆکی شارەوانی تەقتەق پارێزراوە کە ساڵی ١٩٨٩لەپێشانگای کتێب لە زانکۆی موسل لەقۆناغی دووەمی کۆلیژی ئەندازیاری بە ٥دیناری سوێسری کڕیویەتی بەڕاستی ئەتلەس و کوراسێکی گرنکی شوێنەواری پارێزگاکانی عێراقە.

٣٠-چاوپێکەوتن لەگەل(کاکەخان نەسرەدین ئەمین) لەدایکبوی ١٩٥٤ی گوندی قەسرۆك، لەبەرواری(١٢-١-٢٠١٣)





هەروەها بەدووری ٣کیلۆمەتر لەگوندی مەلازیاد و گەرمکی ساتوقەلاٚ ناوچەی شوێنەواری لوتکەی داودی وکانی درۆزنە شوێنی شوێنەوارین([31])،ئەوەی جێگەی سەرنجە لە شاخی تەکەڵتو نێوان گوندی باغەجنێر و گوندی تەکەڵتو و گوندی موخەرەس چەندین شوێنەواری گرنگ بەدیدەکرێن کە سواڵەتەکانی چاخی بەردینی نوێ ی تێدادۆزراوەتەوە بەتایبەت ئەو کەل وپەلاٚنەی کە لەبەرد دروستکراون، بەمەش مێژووی ناوچەکە ئەگەر توێژینەوە وپشکنینی زانستی بۆ ئەنجامبدرێت مێژووی چاخەکانی پێش مێژووی ئەو ناوچەیە دەردەکەوێت، واتە بەرلە دۆزینەوە وداهێنانی خەتی مێخی ٣٢٠٠پێش زایین بەمەش سنوری ساتوقەلاٚ دەبێتە خوشکی گوندی چەرموی ڕۆژهەلاٚتی چەمچەماڵ.

٣١- چاوپێکەوتن لەگەل ئەنجومەنی گەرمکی ساتوقەلاٚ(ستار عەبباس رەسوڵ کەریم)لەدایکبووی ١٩٥٥ی گەرمکی ساتوقەلاٚ، لە بەرواری ٩-١-٢٠١٣

# بەشی دووەم

## ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنوسی و
## ڕاپۆرتی شوێنەواری کۆیە

# پێش زایین ژیان وژیاری لێبووە
# قەلای ساتوقەلاخەریکەبەرەو دارمان دەچێ ( [٣٢] )

تایبەت بەڕۆژنامەی (تاك) لەمانگی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧وەك سەرنوسەری ڕۆژنامەکە سەردانی گوندی ساتوقەلا و قەلای ناوبراوم کردو ڕاپۆرتە هەواڵێکم لەسەر بارودۆخی ئەوکاتی قەلاکە ئامادەکردو لە ژمارە(٣٦)ی ساڵی سێیەمی کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ی ڕۆژنامەی تاك بەمانشێتی سەرەکی بلاوکرایەوە و ئەمەی خوارەوە دەقی ڕاپۆرتە هەواڵەکەیە:

ساتوقەلا، قەلایەکی دێرینە و بەدوری ١٣کلیومەتر کەوتوتە ڕۆژهەلاتی شارۆچکەی تەقتەق، لەپێش زایینەوە تائەمرۆ شوێنی ژیان وژیاربووە، بەدرێژایی مێژو بەرامبەر ڕۆژگارەکان خۆی گرتووە، ئەمرۆ خەریکە بەرەو وێرانەیی ودارمان و ڕووخان دەچێت، لەبەر گرنگی ئەم شوێنە شوێنەواریە نەتەوەییە(تاك) لەنزیکەوە سەردانی قەلاکەی کردو چەند وێنەیەکی دکیۆمێنتی گرت ولەگەڵ هاولاتیان وئەنجومەنی گوندەکە دوا:

سەرەتا(ستارجەلال سەعید)وەك ئەنجومەنی گوندەکە ووتی"ئەوەندەی من بیرم بێت ساڵی ١٩٧٦سێ ئەندازیار هاتوون بۆ ڕووپێوی قەلاکە یەکێکیان ووتی ژێر ئەم قەلایە خانوبەرەیەو کەڵەشێروحوشترێکی زێڕیشی تێدایە، هەروەها لەدوای ڕاپەڕینیش لیژنەیەك هاتن پێدەچوو لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمەوە کاك کۆسرەت-ەوە نێردرابن ووتیان پێویستە دەوروبەری قەلاکە بکرێتە شورەونۆژەن بکرێتەوە وئێوەش

---

١- لە ژمارە ٣٦ی ساڵی سێیەمی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ی ڕۆژنامەی تاك بلاو کراوەتەوە





خانووتان بۆ بکرێت وبگوازرێنەوە، بەم دواییانەش لەناحیەی تەقتەقەوە بەرێوەبەری بنکەی پۆلیس سەردانی کردوین.

هەروەها سەبارەت بەدەستکاری خەڵك ووێرانەیی قەلاکە ووتی لە سەر قەلاکە بەهیچ شێوەیەك خانوی نوێ نەکراوە، بەلام هەر لەسەردەمی ئەنفالەوە قەلاکە دووچاری دارمان هاتووە وخەڵك ئەو خۆڵەدارماوە دەکاتە خشت وقوڕ، سەبارەت بەدۆزینەوەی شوێنەوار ووتی لەبەر ئەوەی قەدەغەیە کەس بەکەس ناڵێ ئەگەر شتێکیش بدۆزرێتەوە، هەروەها ووتیشی بەقەرەبووکردنەوە لەشار ڕازی نین بەڵکو لەنزیك جادەی گوندەکەمان خانوومان بۆ بکرێ نەوەك بۆ ماڵەکانی سەر قەلاکە بەڵکو بۆ ئەو مالانەشی کەبەدووری ٣٠٠مەتر لەقەلاکەشەوە نزیکن، چونکە دەوروبەری قەلاکەش باشترین شوێنی شوێنەوارییە.

سەبارەت بەشوێنەواری قەلاکە بەرێوەبەری ناحیەی تەقتەقی ئەوکات (کاکەخان نەسرەددین ئەمین) ووتی :بەپێی ئەو زانیارییانەی کەلەسەر زاری هاولاتیانەوە بیستوومانە کەخەڵکی گوندەکە بەسەدان ساڵ لەمەوبەر لەسەر قەلایەکە نیشتەجێنەوتا ئەم ساتەش سەرقەلاکە خانووبەرەی هاولاتیانی لێیەوبەمیرات بۆیان ماوەتەوە، دیارە ئەوە چەند ساڵێکە کارمەندانی شوێنەواری کۆیەوشوێنەکانی تر چەندین جار سەردانی ئەم گوندەیان کردووە وراپۆرتیان بەرزکردۆتەوە کەتیایدا ئاماژەیان بەپاراستنی قەلاکە داوەو بەهیچ شێوەیەك نابێت دەستکاری قەلاکە بکەن، بەلام بەئاگادارکردنەوەی ئێمە وپۆلیس وئەنجومەنی گوندەکە ئەو قەلایە ناپارێزرێت چونکە تا ئەمرۆ لەسەر قەلاو دەوروبەرەکەیدا دەژین بۆیە ئێمە بەنوسراوی ڕەسمی چەندین جارسەرووی

**خۆمان ئاگادارکردۆتەوە کە پاراستنی ئەم قەڵایە بەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێت:**

**١- خەڵکەکە بگوازرێتەوە لەسەر قەڵاکە و دەوروبەری و قەرەبووکرێنەوە، چونکە ئەوان سەر قەڵاکە بەموڵکی خۆیان دەزانن.**

**٢- هەرچوار دەوری قەڵاکە شورە بکرێت.**

**٣- پاسەوانی بۆ دابین بکرێت.**

**٤-کارمەندانی شوێنەواری کۆیە بایەخی زیاتر بەقەڵاکە بدەن و نۆژەن بکرێتەوە، بەو شێوەیەی کەباسمانکرد دەتوانرێت قەڵای ناوبراو لە دارمان و رووخان بپارێزین و وەك شوێنەوارێکی نەتەوەیی بە زیندوویی بمێنێتەوە، وەئەگەرنا بەپێچەوانەوە ناتوانرێت پارێزگاری لێبکرێت دواتر هاوڵاتی (مەجید سەعید وەلی)تەمەن(٦٨)ساڵ و نیشتەجێی گوندەکە ووتی: بیرم دێ هەموو ماڵەکانی ئەم دێ یە لەسەر قەڵاکەبوون کە دەرگای سەرکەوتن و هاتنە خوارەوەی هەبوو تەنها ماڵێك دووان لەخوارەوە بوون،هەروەها بەژیانی خۆم یەك کوپەی گەورەم دۆزیوەتەوە کە(١٣)تەنەکە ئاوی دەگرت لەگەڵ کێڵە خشتێکی سورەوەکراو کە شیروتیروشتی تری لەسەر هەڵکەندرابوو، شوێنەواری هەولێر بۆ خۆیان بردیان هەروەها لەسەردەمانی زوو لەسەر قەڵاکە بیرێك دەرکەوت کەزۆر قوڵ بوو کاتێ بەردت فرێدەدایە ناویەوە بۆماوەیەك دەرۆیشت ئینجا دەرەنگ دەنگێك دەهات، بەوە دەچوو بەرئاسن بکەوێت، نەوەك خاك، دواتر هاوڵاتی(سەباح جەوهەر رەشید )دانیشتووی گوندەکە ووتی:مامێکم پارچە ئاسنێکی بچوکی دۆزیوەتەوە نەیزانیوە چیە و چی بووە؟ بەڵام ڕوویەکی قۆقزی هەبووە لایەکی سەری مرۆڤ ولایەکەی تری نوسین بووە، دواتر کڕیارێکی گەڕیدە بە هەرزان لێ ی کڕیوە.**





# قەڵای ساتووقەڵای دێرین
# خەریکە بەرەو لەناوچوون دەچێت( ٣٣ )

**شوێنەوارە مێژووییە بەنرخەکەی ساتوقەڵای تەقتەق بەهۆی هەڵکەندنی خاکی قەڵاکە لەلایەن هاوڵاتیانەوە و ئاور لێنەدانەوەی لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە خەریکە بەرەو وێرانەیی و نەمان دەچێت.**

**زانا سەباح هاوڵاتی نیشتەجێی گوندی ساتوقەڵای تەقتەق بەکوردستانی نوێ ی راگەیاند**

**قەڵای گوندەکەمان خەریکە بەرەو وێرانە بوون دەچێت و ئەو شوێنەوارە مێژووییە وابروات شوێنەواری نامێنێت، چونکە خاکی قەڵاکە هاوڵاتیان بۆ مەبەستی قورکاری و دروستکردنی خشت و سەرسواخی خانوەکانیان بەکاری دێنن.**

**وتیشی ئەم حاڵەتە چەندین جار دووبارە دەبێتەوە و لایەنی پەیوەندیداریش بەتەواوەتی هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم دیاردەی نەداوە و نەیتوانیوە رێگەچارەسەری بۆ دانیشتوانی قەڵاکە بدۆزێتەوە و قەناعەتیان پێبهێنێت کە ئەم قەڵایە شوێنەوارێکی بەنرخە و ئەمرۆ بە سامانێکی نەتەوەیی مێژویی ئەژماردەکرێت.**

**باسی لەوەکرد خەڵکی نیشتەجێی قەڵاکە رەزامەندن بەگواستنەوەیان بۆ دەوروبەری قەڵاکە بەمەرجێك خانووی نیشتەجێبونیان وەکو قەرەبوکردنەوە پێبدرێت.**

---

٢-لە ژمارە ٤٧١١ی ڕۆژی چوارشەممەی ٢٩-١٠-٢٠٠٨لەلاپەرە ٣ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاو کراوەتەوە

وتیشی ئەگەر کار بەوشێوەیە بروات ئەوا چەند سالێکی ترنابات بایەخە مێژوییەکەی نامێنێ و دەبێتە تەپۆلکە و تەنیا دەبێت بەسالاچوان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان وەك سەرگوزشتە بیگێرنەوە.

کاکەخان نەسرەدین بەرێوەبەری ناحیەی تەقتەق پێیراگەیاندین باشترین رێگە چارەسەری بۆ پاراستنی قەلاکە و رزگارکردنی لە لەناوچون و وێرانبوون بریتیە لە گواستنەوەی مالەکانی سەر قەلاکە بۆ شوێنێکی تر و ئەم کارەش تەنیا بەقەرەبوکردنەوەی مالەکان دەبێت چونکە سەدان سالە ئەو خێزانانە لەسەر قەلاکە دەژین و بەمولکی خۆیانی دەزانن.

باسی لەوەکرد بۆ ئەو مەبەستە ٤ جار نوسراویان بۆ سەرووی خۆیانکردووە بەلام هەنگاوی بۆ نەنراوە.

تەمەنی قەلای ساتوقەلا وەك سەرچاوە مێژویەکان و ئەو ئاسەوارانەی لێیدۆزراوەتەوە ئاماژە بەوە دەکرێت پێش زایین ئاوەدانی لێبووە و دۆزینەوەی کتێبی ئاسمانی تەورات لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو وبوونی خانووی ژێر قەلاکە و پارەی کۆن و جیاوازی گۆرەکانیان و ئاماژەپێدانی قەلاکە لە نەخشەی شوێنەوارەکانی عێراق بۆ سالی ١٩٧٦ و دۆزینەوەی خەتی بزماری لە پارچە ئاسەواریەکان ئەمانە گەواهی نرخی مێژویی قەلاکە دەردەخەن.





## ساتوقەلا، چەرمۆیەکیترلەکوردستان([٣٤])

**ساتوقەلا**، گوندێکی سەربەناحیەی تەقتەقە وبەدوری ١٣کیلۆمەتر لە سەرووی خۆرهەلاتیەوەیە،ئەمرۆ ٤٥خێزانی تێدا نیشتەجێیە و بەپیشەی کشتیاری و ئاژەلداریەوە خەریکن ،ساتوقەلا مێژوەکەی دەگەرێتەوە بۆ مێژوی کۆن و لەگەل پەیدابوونی گوندی کشتوکالی یان لەگەل سەرهەلدانی شۆرشی کشتوکالی ٦هەزار سال لەومەوبەر دروستبوە وژیان وئاوەدانی تێدابووە ، هەربۆیە جێگەی خۆیەتی لەچەندروویەکەوە بەراورد بکرێت لەگەل چەرموی چەمچەمال ، دەزانرێت لەئەشکەوتەکانی کوردستان ژیانی رەوەندی و کۆچبەری و کۆکردنەوەی سەرەتایی لە٦٠هەزار سال لەومەوبەر هەبووە ودواتر هاتونەتە پێدەشتەکان وبەهۆی ئاووهەوای گونجاو و خاکی بەپیت توانراوە شۆرشی کشتوکالی لە خاکی کوردان پەیدابێت وبێتە یەکەم ناوچەی نیشتەنی لەدوای رەوەندیوگەرۆکی ،ئەوەی لێرەدا دەیخەمەروو توێژینەوە نیە بەلکو سەردانی مەیدانیە بۆ گوندەکە و وێنەگرتنی هەندێك لەو پاشماوانەیە کە ئەمرۆ بەهۆی کاری رۆژانەی هاولاتیان وجوتیارانی گوندە کە دۆزراونەتەوە و لێکدانەوە وهەلێنجانی تایبەتی خۆمە بۆ ئەو بەراوردە چونکە ئەوەی لە چەرمۆ تا ئێستا دۆزراوەتەوە و باسی لێدەکرێت لەو گوندەی ناحیەی تەقتەقیش بەدیدەکرێت بۆنمونە کەرەسەکانی چەرموو کەل وپەلی لەقوردروستکراو وبەردو مادەی قیربوون بەهەمان شێوە لە نێو کاولە

٣-ئەم بابەتەم لەژمارە(٥١٦٦)ی بەرواری(٢-٥-٢٠١٠)ی رۆژی سێشەممە لەرۆژنامەی کوردستانی نوێ بلاوکردۆتەوە

گۆرەکانی ساتوقەلاَدا تەنیا گۆزەی قورو بەردەجۆنی و کوتکی بەردو قاپ و کەل وپەلی خشتی سورەوەکراو دەبینرێت ، بەنمونە لە پشت سەری هەندێ لەرووفاتەکاندا بەردەچۆنی کوتانی گەنم دەبینرێت ، یا کوتەکی ساوارو گەنم کوتان یان گۆزە کەپڕاوپڕن لەمادەیەك کە بەخۆل وخاك ناچێت پێدەچێت هەندیك گەنم بێت بۆ مردووەکان دانرابێت . هەموو ئەو شوێنەوارانەی کەدەدۆزرێنەوە زیاتر لە ١بۆ ٣مەتر لەپێدەشت و دەوروبەری قەلاکە لەژێرخۆل و خاکەوەن، گرنگترین سیمایتر ئەوەیە کەمرۆڤ دوای نیشتەجێبوون پیشەی گۆزەکاریکردووە،لەگرنگترین ئەو شوێنەوارانەی کەدۆزراونەتەوە گۆزەو قاپ وکەل وپەلی لەقوری سورەوەکراو بوون وەك مامۆستا حەمید میرخان لەژمارە (١٥) ی رۆژنامەی تاك لەبەرواری ئاداری ٢٠٠٦ لەبابەتی (بەڵگەنامەکان دەبنە شایەتحاڵی راستسەکان) باس لەکتێبی (العراق شمالی) دکتۆر عبدالهادی الدفتری دەکات و دەڵێت :ئەو مێژونوسە عەرەبە باس لەدۆزینەوەی قوری سورەوکراودەکات لە (خرابە ) وساتوقەلا بەتاییەت لەساتوقەلا باسی خەتی بزماری دەکات کە هاوکێشەی بیرکاری لەخشتەکانی بەخەتی بزماری نوسراوە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەریەکان.وە لە ژمارە (٣٦)ی رۆژنامەی تاك لە بەرواری کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ لەبابەتی ساتوقەلابەرلەزاینەوە تا ئەمرۆ ،مەجیدسعید وەلی هاولاتی تەمەن ٦٨ساڵی گوندەکە:باس لەدۆزینەوەی گۆزەیەك دەکات کە ٣٨ تەنەکە ئاوی گرتووە و دواتر داویەتی بە مۆزخانەی هەولێر و بینینەوەی کێلە قەبرێك کە وێنەی تیروشیری تیاکێشراوە ئەمە لەدوای راپەرین دۆزراوەتەوە هەروەها دۆزینەوەی ئاوەرۆی زێرابی دروستکراوی لولەیی لە شێوەی گۆزەیی و لاکێشەیی لە خشت





دروستکراو، وە لەهەندیك گۆزەو بەردەکاندا وێنەی جۆراوجۆری ئاژەل دۆزراوەتەوە و٣خشتی سورەوکراو دۆزراوەتەوە کە خەتی بسماری لەسەری نوسراوە و لە ئاسەواری کۆیە دانراون ،وە قاپی دروستکراو لە قور بینراوەتەوە وەك قاپی شلەی فەخفوری ئەمرۆیە لەگەل دۆزینەوەی کوپەی ئاو کە یەك تەنەکە ئاوی گرتووە دراوە بەمۆزەخانەی شاری سلێمانی، گۆزە هەیە تیرەکەی نزیکەی ١مەتر دەبێت و پریەتی لەگۆزەی بچوك بچوك، وەساڵی ١٩٩٢ وێنەی سعاتیان لەگۆزەیەك بینیووە وە دەستاری بەرد ،جۆنی بەرد ،کوتەکی بەرد دۆزراوەتەوە.بەدووری ٥٠٠مەتر بەلای سەرووی قەلاکە ، ئاسەواری کارخانەی دروستکردنی خشتی سورەوەکراو و گۆزە هەیە چونکە پاشماوەی سوتان وقیرو توانەوەی خۆل وخاك ومادە جۆربەجۆرەکان هەیە. دۆزینەوەی چەندین بەردی گەورەی حمام شۆر بەمادەیەکی جیا لە خشتی سورەوەکراو.

## پێکهاتەی قەڵاکە

قەلاکە ئەمرۆ ١٨مالی تێدایە کەمێژوی چونە سەر قەلاکەیان دەگەرێتەوە بۆ نەمانی عوسمانیەکان .

بەلای زێوە ٥٠مەتر بەرزەو بەلای دەشتەکەوە ٢٠-٢٥مەتر دەبێت ،هەندێکی سروشتیە و دواتر تورەکە رێژکراوە .

٦هەزاربۆ٧هەزار دەبێت رووبەری سەر قەلاٚ کونجی هەوایی لە ژێرەوەی قەلاٚکە هەیە کە بە کەرپوچ دروستکراوە-دۆزینەوەی چالێك لەسەر قەلاکە بۆماوەی ١سالٚ مالێك خۆل وخاشکی تێدەکات ئینجا پڕدەبێتەوە ،باس لەوەشدەکرێت

ئەگەر بەردێك هەلبدرابوایەوە خوارەوە ئەوا بۆ ماوەیەك دەرۆیشت ئینجا دەنگێك دروست دەبوو وەك ئەوەی بەر ئاسن بکەوتایە.

بونی پێبلیکانە لەلای رۆژهەلاتی لەکەناری رووبارەکەوە بەپانی ٥خشتی سورەوکراوی ٣٤سم×٣٤سم وبەقەبارەی شوێن پێی ٣٤سم بۆ ناو قەلاکە سەرکەوتووە، ئەو خشتە سورەوەکراوانە هەندێکیان چوارگۆشەیین ٣٤سم×٣٤سم وهەندێکیان ٣٤بە ١٧سم کە شێوەی لاکێشەیەوبەرزیەکەشیان ٧سم.





## ناوی ساتوقەڵا

ناوی قەلاکە لە ساتۆن ناوێك هاتووە کە میرێکی لۆلۆبی یا لۆلۆبیەکان بووە و لە قەلاکە ژیاوە لەسەروبەندی نێوان سالانی ٢٢٩١-٢٢٥٥پێش زایین لەگەل نەرام سینی ئەکەدی جەنگاوە و دۆراوە وەك نەرام سین سەرکەوتنەکەی لەمیلێکدا نوسیووە لە قەرەداغ وەهەندێکیتر دەلێن ساتوقەلا تورکیە و بەمانای قەلای دۆراو دێت

## دۆزینەوە

ئەوەی لەساتوقەلا دۆزراوەتەوە کەمێکی گەیەنراوەتە مۆزخانەکانی هەرێم وەئەگەرنا لەرێگەی قاچاغەوە فرۆشراون ئەوانەی خوارەوە هەندێك لەو شتانەیە: -گۆرەکانی ساتوقەلا لە سێ گورستان بەرەو قیبلەی یەکەم قودس نێژراون و هەندێکیشان بەرەو هیچ لایەك نیە ، باس لەدۆزینەوەی دراو دەکرێت کە لە مس دروستکراوە، وێنەی سەری مرۆڤ لەلایەك کەپیاوەولایەکەی تری ژنێکە بەپێ و وەستاوە وجلەکانی لەخۆپێچراوە و تا نزیك چۆکیەوە رووتە، وە لەشانێکی تیروکەوان هەیە و لەدەستێکی مەشخەل هەیە، یان وێنەی ئەسکەندەری مەقدۆنی لەسەر بووە،٦گۆر لەدامێنی قەلاکە لەگەل دروستکردنی قوتابخانەکە لە١٩٩٨دۆزراونەتەوە کە ڕاستاو ڕاست نێژراون ڕوو لە هیچ بەیتێك وقیبلەیەك نەبووە و لەپشت سەریانەوە تیر و ڕم هەبوون تەنیا سەرە ڕمکان ماون و ئێسکەکانیان تەنیا بەشێوە هەبوون وەئەگەرنا وەك خۆلەمێش بوون، پەیکەری زەرد دۆزراوەتەوە وێنەی هەیکەلی مەلیك بووە لەزیو یا مس ،وەلەسالٚی ١٩٩٣ وابلاوکرایەوە تەوراتی دەستنوس دۆزرایەوە.

# کنە وپشکنینی قەلاّی ساتوقەلاّ دەستیپیّکرد ساتوقەلاّ ناوی (ئیدۆ) بووە ٣هەزار سالّ بەرلەئەمرۆ( [٣٥] )

لەهۆلی شەهید عبدالرزاق لـە٣-٥-٢٠١٠رۆژی یەکشـەممە ،مەراسـیمی کردنەوەی یەکـەم وەرزی کنـە وپشـکنینی شـوێنەواری قـەلاّی سـاتوقەلاّ لەلایەن تیمی زانکۆی لایدنی هۆلەندی و لاییزگی ئەلمانی و سەلاحەددین بەسەرپەرشتی بەرێوەبەرایەتی ناحیەی تەقتەق بەرێوەچوو.

لەمەراسیمەکەدا کەسعات ١٠ی بەیانی دەستیپیّکرد بەئامادەبوونی تیمی شوێنەوارناسی زانکۆی لایدن و لاییزگ وسـەلاحەددین و بەرێوەبەرایـەتی گشتی شوێنەواری کوردسـتان و سـەندیکای شوێنەوارناسـی کوردسـتان وبەرێوەبەرێتی شوێنەواری کۆیە و قایمقامیەتی کۆیە و لایـەنی حکـومی وحزبی ناوچەکە و هاولاتیانی گوندی ساتوقەلا ، بـە وەسـتان بەبێـدەنگی بۆگیانی پاکی شەهیدان دەستیپیّکرد.

وتاری بەرێوەبەرایـەتی ناحیـەی تەقتـەق لەلایـەن کاکـەخان نەسـرەدین خوێنرایەوە و دواتر ووتاری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین د.ئەحمەد دەزیـی و دواتر مەلا ئاوات بەرێوەبـەری گشـتی شـوێنەواری کوردسـتان ووتـاری سەرۆکی تیمەکە لەلایەن پرۆڤیسۆر وێل فێردڤان سۆلد لەزانکۆی لایدنی هۆلەندی پێشکەشکرا،هەروەها د.ئەحمەد دزەیی سەرۆکی ووتاری زانکـۆی سەلاحەدینی پێشکەشکردو و دواتـر مـەلا عەبـدولرەزاق وەکـو خـەلّکی

٤- ئەم بابەتەم لە ژمارە(٥١٧١)ی بەرواری(١٠-٥-٢٠١٠)ی ڕۆژی دووشەممەی ڕۆژنامەی کوردستانی نویّ بلاوکردۆتەوە





گوندی ساتوقەلاّ ووتەیەکی پێشکەشـکرد و وەکـو هاولاّتیـانی گوندەکـە کارئاسانی و هاوکاری تیمەکەی نیشاندا.

دوا تـەوەری مەراسـیمەکە سـەردانی گونـدی سـاتوقەلاّبوو لەلایـەن ئامادەبووان و خوێندکارانی بەشی شـوێنەواری کۆلیـژی ئـادابی زانکـۆی سەلاحەدین.

کاکەخان نەسرەدین بەرێوەبەری ناحیـەی تەقتـەق بەکوردسـتانی نـویّ ی راگەیاند

بەهاوکاری زانکۆی سەلاحەدین و زانکـۆی لایـدنی هۆلەنـدی و لاییزگـی ئـەلمانی و بەرێوەبەرایـەتی گشـتی شـوێنەواری کوردسـتان ،بـەگوێرەی رێکەوتنێکی زانستی لەنێوان ئەم ٣زانکۆیە ،کنە وپشکنینی شوێنەواری گوندی ساتوقەلا بۆ ماوەی ٤٥ڕۆژ دەخایەنێت.

دکتۆر ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین پێیراگەیاندین:

لەمرۆوە تیمەکە دەست بەکارەکانی دەکـات و هـەنگاوی یەکـەم ٤٥رۆژە کارەکەیان دواتر لە ئەنجامی کارکردنی ئەو ٤٥ رۆژە ئەوانـە دەگەنـە ئـەو حالەتەی ئایا ماوەکەیان درێژبکەنەوە یان پێویست ناکـات درێژبکرێتـەوە ،سەبارەت بەگرنگی ئەو کنە وپشکنینە ووتیان:

گرنگە بۆ ئێمە لە ٣لایەنەوە یەکەم بۆ نوسینەوەی مێـژووی تازەمـان کـە بەشێکی زۆری پەیوەستە و بەو گـەران وپشـکنینانە ودووەمـیش زانکـۆی سەلاحەدین بەو رێکەوتنانەی لەگەل زانکۆکانی دەرەوە بیسەلێمنیّ کە ئەو سنورەی لە ژێر دەسەلاتی ئیدارەی حکومەتی هەرێمـە ئارامـە و جیـاوازە لەگەل ناوچەکانی ناوەندوباشوری عێراق و وەخالی سێیەمیش مامۆسـتا و خوێندکارانی کورد کە تا ئێستا لە بواری تیوری خوێندویانە ئاشنا بن بە

بواری پراکتیکی ، وەهەموو ڕۆژێك لە کنە وپشکنین مامۆستایان و خوێندکارانمان لە هەولێرەوە پاسێکمان بۆتایبەت کردوون دێنە گوندی ساتوقەلا و لە شێوازی چۆنیەتی پشکنینی مەیدانی شارەزا دەبن ولەگەل تیمەکەدا دەبن وەکو خولێکی ڕاهێنانی مەیدانی سودی لێوەردەگرن.

مەلا ئاوات بەرێوەبەری گشتی شوێنەواری کوردستان بەکوردستانی نویَ ی ڕاگەیاند: ئەو کنەوپشکنینە ماوەیەکی چەند سالَی دەخایەنێت بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتنەی لەگەل تیمەکە ئەنجامداوە ، وەرزی کنە وپشکنینیش ٣مانگ دەخایەنێت ، مانگ ونیوی یەکەم مەیدانیە و دووەم ماوەش ڕاپۆرت وتوێژینەوەیە لەسەر کارەپراکتیکیەکان ،مەرجی ڕێکەوتنەکە ئەوەیە لەماوەی ٥سالَ کەمتر نەبێت تا ئاکامی تەواوی پشکنین وکنەکان بەدروستی دەدەن بەدەستەوە .

پرۆڤیسۆر ویل ڤێردڤان سۆلد سەرۆکی تیمەکەی زانکۆی لایدنی هۆلەندی بۆ کوردستانی نویَ دووا و ووتی :

لە٢٩-٤ هاتوین بۆ ساتوقەلاَ و ناوچەکە ٢٠گردمان دەست نیشانکرد بەلام ساتوقەلاَ لەهەموویان باشترە بۆ کنە وپشکنینەکەمان چونکە هاولاَتیانی گوندەکە چەند خشت و کەل وپەلێکیان پێنیشاندابن کە مێژوەکەیان بۆ ٣هەزار سال لەمەوبەر دەگەرێتەوە ، کە ساتوقەلاَ شارێك بووە بەناوی (ئیدۆ) و ناوی پاشاکەشەمان بۆ دەرکەوتووە کە حوکمی کردووە .

ووتیشی :کنە وپشکنین لە ٤بۆ ٥ شوێن دەست پێدەکەین کە ڕووبەری هەر شوێنێك کە کاری تێدا دەکەین ١٠×١٠مەتر چوارگۆشە دەبێت بەلام تا ئەمرۆ خالەکانمان دەست نیشان نەکردووە.





ووتیشی بەگوێرەی ئەوەی دەستمانکەوتووە تا ئێستا مێژووی ناوچەکە دەگەرێتەوە بۆ چەرخی ئاشوری ناوەراست بەلام هیوادارم لە ژێرەوە لە چینەکۆنەکاندا سەردەمی کۆنتر بدۆزینەوە.

ووتیشی تا ئێستا لە کوردستان شوێن هەیە دەگەرێتەوە بۆ ٥هەزار سالَ لەمەوبەر و بۆ ئەوناوچانەی ٢هەزار سالَ لەومەوبەر ژیانی تێدابووە دەگەرێین تابزانین ناوی چی بووە .

دکتۆر عەبدوللا ڕەشید قادر سەرۆکی سەندیکای شوێنەوارناسانی کوردستان بەکوردستانی نویَی ڕاگەیاند

خۆشبەختانە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی زانکۆی سەلاحەدینەوە ورێکەوتن لەگەل زانکۆکانی دەرەوە هەولی کنەوپشکنینی گردی قەسرای عەینکاوە و کلك مشکی هەولێر و دوایینجار قەلای ساتوقەلاَ دەدات ، ئێمەش وەکو سەندیکای شوێنەوارناسانی کوردستان هەماهەنگ دەبین لە گەل بەرێوەبەرایەتیەکانی شوێنەوارناسی هەولێرو سلێمانی و دهۆك وگەرمیان ، ئەمرۆ وەك دەسکەوتی حکومەتی هەرێم لەزاخۆوە تا گەرمیان ١٧٢ شوێنەوارناسی ئەکادیمی هەلَگری بروانامەی بەکالۆریۆسمان هەیە .

ووتیشی ئەمرۆ لەکوردستان ٣هەزارو ١٢٥شوێنی شوێنەوارمان هەیە دلنیام ئەگەر لەداهاتوودا شوێنەوارناسانی کورد پێبگەن و مەسحی کوردستان بکەن ئەوا دوو هێندەی ئەو ژمارەیە ،شوێنەواری دێرین لە کوردستان هەیە.

## قۆناغی یەکەمی کنە و پشکنینی شوێنەواری ساتوقەلا کۆتایی هات[٣٦]

لەگەل ئەوەی دانیشتوانی گوندی ساتوقەلاّی شوێنەواری داوای پرۆژەی خزمەتگوزاری و قەرەبوکردنەوەیانکردو بۆماوەی ٢ڕۆژ کاری کنەوپشکنینی قەلاکە وەستێنرا ،بەلام لەکۆتاییدا کاری کنە وپشکنینەکە بەسەرکەوتویی وبەزانیاری و وەدەستکەوتی بەبایەخەوە کۆتایی پێهات ،بۆ ئەو مەبەستە کوردستانی نویَ ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەل بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق ئامادەکرد سەبارەت بەکاری تیمی زانکۆی لایدن و لایپزیگ و سەلاحەدین وداواکاری هاولاّتیانی گوندی ساتوقەلاّ.

---

٥-ئەم بابەتەم بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نویَ نارد دوای کۆتاهاتنی کنەوپشکنینی یەکەم بەلاّم بەهۆی بەرنامەوکاتی ڕۆژنامەکە بلاونەکرایەوە





## ئەنجامێکی باش و مێژویەکی گرنگ بەدەست کەوت

**کاکەخان نەسرەدین بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق پێیراگەیاندین**

ئەو تیمەی کە لەشارەزایانی بواری شوێنەوارناسی زانکۆکانی لایدنی هۆلەندی و لایپزیگی ئەلمانی و سەلاحەدینی هەرێمی کوردستان پێکهاتبوو لەوەرزی یەکەمی کنە وپشکنینی شوێنەواری ساتوقەلا ،لەماوەی مانگی رابردوو کنە وپشکنینیان کردو ئەنجامێکی زۆرباش و چەندین شتی مێژویی گرنگیان بەدەست کەوت کەمێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی پێش زایین و بۆ ٣هەزارو٢٠٠سالّ بەرلەئەمرۆ دەگەڕێتەوە ،دەرکەوتووە کە ئەو قەلایە پاشانشین بووە و ژیان و گوزەرانی خەلك وپاشاکانیش لە پارچەی دۆزراوەی شوێنەواری وەدەستکەوتوون ولەگۆڕەکانیشدا بیروبۆچونی ئاینی ئەوانەی لەو ناوچەیە ژیاون وەدەست کەوتووە و کۆشك وبیناسازی و خانوی تایبەت و خاوەن شارستانیەت بوون .

## پارچە شوێنەوارییەکان برانە مۆزەخانەی هەولێر

پاش تەواوبوونی وەرزی یەکەمی کنە وپشکنینەکە ئەو پارچە شوێنەواریانەی کەدۆزراونەتەوە لەخشت و پارچەکانی تر لەرێگەی تیمەکە و بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری کۆیەوە بەلیژنە دراون بەمۆزەخانەی هەولێرئەو کارەش بەردەوام دەبێت چونکە تیمەکە گرێبەستەکەیان لەگەل بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری هەرێم بۆماوەی ٥ساله و هەروەرزی کنە وپشکنینێك یەك مانگ دەخایەنێت ،

## بۆ قەرەبووکردنەوەیان نوسراویانکردووە

لەگەل ئەوەی ئەمجارە وەرزی یەکەمی کنە وپشـکنینەکە بەسـەرکەوتویی ڕۆیشت بەڵام خەڵکی گوندەکە کەزیاتر لە ١٨ماڵیـان لـە سـەر قەلاکـە نیشتەجێن و١٠شوێن خانووی رووخـاوی پـاش ئـەنفالی چـواریش لەسـەر قەلاکە مـاوە و تـا ئـەمرۆ نوژەننەکراونەتـەوە و لـەباب وباپیریانـەوە بـۆ هاولاتیانی گوندەکە بەجێماوە داوایاندەکرد کە قەرەبووبکرێنـەوە بـۆ ئـەو مەبەستە راپۆرتمان بەرزکردۆتەوە بۆ قایمقامیەتی قەزای کۆیە وپارێزگـای هەولێرکە پێویستە بۆپاراستنی ئەم شـوێنەوارە مێژووییـە و ئەنجامـدانی کنە وپشکنینی ترئەم هەنگاوانە بگرنەبەر.

## پاسەوانی بۆ دابینبکرێت

هەولبـدرێت ئـەو ماڵانـەی سـەر قەلاکـە بگوازرێننـەوە و قـەرەبووی پێویسـتیش بکـرێن وە شـورایەکی پێویسـت بـە چـواردەوری قەلاکـەدا دروستبکرێت لەگەل دابینکردنی پاسەوان بۆ شـوێنە شـوێنەواریەکە ،ئەو مەبەستانەش بەسەردانی تایبـەت بـۆ پارێزگـای هـەولێر روونکراوەتـەوە وپارێزگاری هەولێریش بەباشی زانی بەنوسراو دەست نیشانی هەموو ئـەو ماڵانـە بکرێـت ولەگـەل هـەموو ئەوانـەی زیانیانیـان بەردەکـەوێت لـە ئەنجامی ئەو کنە و پشکنینە ،وەکو بەرێوەبەرایەتی ناحیەی تەقتـەق ئـەو کارەمان ئەنجامداوە وبـەراپۆتی تایبـەت بەرزمانکردۆتـەوە بـۆ پارێزگـای هەولێرو هیوادارین داواکاری هاولاتیانی گوندی ساتوقەلا جێبەجێبکرێت لە قەرەبووکردنەوەیان .





## ساتوقەڵا :

## ٣٢١٢ساڵ بەرلەئەمڕۆ هەرێمی ئیدۆ بووە ( ٣٧ )

ئەم گوندەی بەدووری ١٣کیلۆمەتر کەوتۆتە خۆرهەلاتی ناحیەی تەقتەق، گوندێگی ڕازاوەی کەنارییەو خاکێکی بەپیتی کشتوکاڵ و چڕگەی هەیە ،بەڕووبەری ٣٩٢٨ دۆنمی شیاوونەشیاو بۆکشتوکاڵە ،ئەمرۆ کوردانی هۆزی هورمزیاری تێدا نیشتەجێن وهەموویان یەك ڕەچەڵەك و یەك بەرەبابن،وەك شوێنەوارێکی دێرین بەناوبانگەو ساڵی ١٩٥٥تیمێکی لیژنەی باڵای کەلەپووروشوێنەواری عێراق سەردانی گوندی ناوبراو دەکەن وئەم ناوچەیە وەك شوێنەوارێکی مێژوویی گرنگ دەناسێنن، لە ئەتلەس و کوراسەی شوێنەوارناسی کەساڵی ١٩٧٦بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارناسی عێراق دەریکردووە لەنەخشەکەدا وەك خاڵێکی شوێنەواری ئاماژەی پێکراوە،هاوسنورە لەگەڵ گوندەکانی کانی ڕەش لە ڕۆژهەلات وشیوەجان لەباکورو گەرمکی ساتوقەلا و مەلازیاد لەڕۆژئاواو کەناری زێی بچوك لەگوندەکانی گردخەبەرو قەسرۆکی ناحیەی ئاغجەلەری جیاییدەکاتەوە.

ئەگەر بەنداوی خۆڵی چاوەڕوانکراوی تەقتەق، لەئایندە نەیکاتە ژێرئاوەوە،کەبەرنامەرێژی بۆکراوە لەلایەن حکومەتی هەرێم وحکومەتی فیدرالی ناوەندەوە، بەگوێرەی ئەوڕوپێوو مەسحەی کە لەدوای ڕووخانی رژێمەکەی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣وە لەنێوان گوندی چۆمحەیدەرو موخەرەس (سەرووی بەردەجۆنی ئاقاری گوندی چۆمحەیدەر)بۆی

٦-ئەم بابەتەم لەژمارە(٢٣)ی ئەیلولی ٢٠١٢ی گۆڤاری کەکۆن لەلاپەرە٢٤و٢٥بلاوکراوەتەوە

ئەنجامدراوە،ئەوا بەدڵنیاییەوە دوای ئەو کنین وپشکنینەی کە زانکۆی سەلاحەدینی هەرێم ولایدنی هۆلەندی ولاییزگی ئەڵمانی بەرێکەوتن لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری هەرێم لەماوەی سالآنی رابردوو کەدەستیان بەکارەکانیان کردووەو نزیکەی ٥وەرزی کنەو ٥ساڵ دەخایەنێت تا ئەمرۆ ٢وەرزی کنەی بەرێوەچووە(یەکەمیان :لە ٣-٥-٢٠١٠تاوەکو١-٦-٢٠١٠ و دووەمیان: لە١٤-٩-٢٠١١تاوەکو٢٨-٩-٢٠١١) وبەلآم بەداخەوە تیمەهاوبەشەکەی کنەوپشکنین لەکاتی سەردانیان بۆشاری هەولێرلە بەرواری ٢-٦-٢٠١٠بەهۆی رووداوی هاتوچۆوەلەنێوان هەولێر-کۆیە ، ئەندامەکان هەندێك زامداربوون ودوو گۆزەی قەبارە جیاواز شکان لەگەڵ زیانکەوتن لەچەند پارچەیەکیتری دۆزراوە،ئەوەی جێگەی باسکردنەچەندین پاچەونوسینی مێخی دڵخۆشکەر دۆزراونەتەوە و گوزارشتی سەردەمەکەیان لەنێوان ١٢٠٠بۆ٨٠٠پ.ز دەگەرێتەوە واتە کۆتایی چاخی ئاشوری ناوەراست و سەرەتای چاخی ئاشوری نوێ،بەتەواوبوونی کنەوپشکنینەکە ساتوقەلآ دەبێتە مەڵبەندێکی شوێنەواری گرنگ ودەبێتەجێی خولیای گەریدەکان وسەردانی دەکەن لە کوردستان وعێراق و ولآتانی دەرەوە.

لەکنەوپشکنین وهەڵکۆڵینی وەرزی یەکەمدا لەخشتێکدا کەنوسینی مێخی لەسەرە باس لەشارێك دەکات بەناوی (ئیدۆ)کەلەلایەن فەرمانرەوایەك حوکمی کراوە بەناوی(ئەبی زێری)و مێژووەکەی بۆ سەردەمی چاخی ئاشوری ناوەراست (١٢٣٠پ.ز)دەگەرێتەوە.





## حوکمڕانی هەرێمی ئیدۆ

لەسەروبەندی کۆتایی چاخی ئاشوری ناوەراست ساتوقەلای ئەمڕۆ پایتەختی هەرێمێك بووە بەناوی(ئیدۆ) ،تا ئێستا ناوی پێنج فەرمانڕەوای دۆزراوەتەوە ،هەندێك جار سەربەدەسەلآتی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری بووە وناوە ناوەش هەرێمێکی سەربەخۆ بووە ،ناوی پاشاوفەرمانڕەواکانی لەنێوان سالآنی(١٢٠٠-٨٠٠پ.ز)وەك ئەوەی لەخشتەکان ناوەکانیان بەخەتی مێخی و زمانی ئەکەدی هاتووە بریتین لە(ئابی زێری یان ئەبی زێری کە بەدوو ڕێنوس هاتووە ساڵی ١٢٠٠پ.ز ) و(ئێرش تێنو-١٢٠٠پ.ز)و(کامتی ئێنی-٨٠٠پ.ز)و(بائیلانوم کوری ئەبی زێری و بائوری -٨٠٠پ.ز).

## پەیوەندی ئیدۆ بەدەوروبەرەکەی

لەناوچەی حەسەن لوی وولآتی ئێران لەنزیك دەریاچەی وورمێ لەشاری ماننایی،دەرخۆتەیەکی بەردینی دۆزراوەتەوە، لەسەری ناوی شاری(ئیدۆ)نوسراوە،دەکرێت لەرێگەی پەیوەندی نێوانیانەوە بەدیاری نێردرابێت یان بەهۆی شەڕوتالآنیەوە بردرابێت،وەهەروەها لەشاری(ئاشور) شەرگاتی ئەمرۆ پارچەیەکی خشت دۆزراوەتەوە کەتیایدا باسی ماوەیەکی کورت دەکات کەئاشوریەکان هەرێمی ئیدۆ-یان داگیرکردووە وبەلیستێك باسی ئەوباجانە دەکات کە لەئیدۆ وەرگیراون بەرێگەی گواستنەوەی ئاوی(کەڵەك)بردراون بۆ شاری ئاشور(شەرگات)وەك(هەنگوین وکەرە).

## ئیدۆ لەرووی بیناسازییەوە

ئەوەی تا ئێستا لەکنەوپشکنینی گردەکە یان قەلاَی ساتوقەلاَ سەبارەت بەبیناسازی سەردەمی چاخی ناوەراستی ئاشورییەکان بەدەستکەوتووە وەك بناغەوقشراغ ومێرابی بینا هیچ شتێکی لەوشێوەیە وەدەست نەکەوتووە، جگە لەنوسینی سەرخشتەکان نەبێت کە ئاماژە بەبیناسازی دەدەن، وە ئەوەی تا ئێستا پێیگەیشتوون تەنهاچین چینی نیشتەنی(سەکەنی) دانیشتوانی یەك لەدوای یەکی قەلاکەیە،واتە پاشماوەی خانووی مرۆڤایەتی چین لەدوای چین کۆبۆتەوەوبەگوێرەی بارودۆخەکان کەلَکەوبەرزبونەتەوە و ناوەناوەش تەخت بوون ودواتر خانووی لەسەربونیاتنراوە،هەروەها شێواندنی چینەکانی سەرەوەی قەلاَکە بەهۆی هەلَکۆلَینی نازانستیانەی خەلَکەوە وهەندێك(بیرەگومانە)ەوە کە لەدوای سالَی ١٩٩١ەکەوە هاولاَتیانی سنورەکە لێیانداوە بەمەبەستی دۆزینەوەی پاشماوەی شوێنەواری. ئەوەی کەدۆزراوەتەوەوئاماژەیە بۆبیناسازی وئاوەدانکردنەوەوجوانکاری کۆشك وتەلار ٩پارچەی لەسەرخشت نوسراو وبووە کەباسی کۆشك دروستکردن وناوی پاشاکانیان بووە، وەك دۆزینەوەی خشتێ بووە کە لەدیواری کۆشکی پاشابووەبەخەتی مێخی و زمانی ئەکەدی لەسەری نوسراوە(بائیلانوم کۆشکی باوکی فراوانتروگەورەترکرد)یان لەخشتێکیتر نوسراوە(دیوارێکی دروستکردووە وەك پەرژین بۆ پاراستنی کۆشکەکە لەئاوی رووبارەکە(زێی بچووك) کە بەقیروخشت بونیاتنراوە)وەهەروەها لەرووی جوانکاری کۆشکەکانەوە خشتی روو شوشەکراو(مزجج)ی رەنگاورەنگ وخشتێك کە (ئەسپ ومەیتەر)ەو دوو دێرنوسینی وەك (بائوری وشاری ئیدۆ)تێدانوسراوە لەگەلَ خشتێك کە وێنەی(دوودلَ یان دولَ دلَ)لەسەرنەخشێنراوە لەگەلَ نوسینی بائوری وشاری ئیدۆ).





## دۆزینەوەی گۆڕەکانی ئیدۆ

لەکنەوپشکنینەکانی دوو وەرزی رابردوو٦بۆ٧گۆڕ دۆزراونەتەوە، کەشێوازی ناشتنیان بەگوێرەی سروتە(طقوس)ئاینیەکان جیاوازبووە،هەندێکیان بەقەتکراوی لەسەرلا ئەژنۆیان هاتۆتەوە لای سینگیان نێژراون ووە هەشیانە لەسەر پشت یان لەسەرلا نێژراوە، وە دۆزینەوەی منالێکی بچوك رەگەزی مێینە لەکوپەنێژراو بەهۆی فشاری زۆرەوە ئێسقانەکانی شکابوون،وەچوارگۆڕیش بەشێوەی(قرفصاء)نێژرابوون وئاراستەی مردووەکان بەرەو رۆژئاوایەو٣گۆڕیان لاشەی منالَبوون ویەکێکیان لاشەی مرۆڤێکی کاملَبوو هەموو ئەم شێوازی ناشتانەش دەگەرێتەوە بۆسەردەمەکانی پێش هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە.

سوودم وەرگرتووە لە:

١-لەهۆبەی کشتوکالَی تەقتەق .

٢-سەردانی مەیدانی رۆژنامەنوسی بۆشوێن وچالَەکانی کنەوپشکنین لەگردی ساتوقەلاَ لەهەردوو وەرزی کنەوپشکنینی ٢٠١٠و٢٠١١.

٣- چاوپێکەوتن لەگەلَ بەرێزان(پ.د.ڤیلفریدفانسۆلت پرۆفیسۆری خەتی مێخی لەزانکۆی لایدنی هۆلَەندی وسەرۆکی تیمەکە وخوێندکاری دکتۆرا کۆزادموحەمەد ئەحمەد پسپۆری مێژووی کۆن وخەتی مێخی لەزانکۆی لایدنی هۆلَەندی لەماوەی هەردوو کنەوپشکنینەکە).

٤-مالَپەری هەردوو زانکۆی لایبزگی ئەلَمانی وزانکۆی لایدنی هۆلَەندی.

٥- پەیجی فەیسبووکی هەریەك لە(پ.د.ڤیلفریدفانسۆلت پرۆفیسۆری خەتی مێخی لەزانکۆی لایدنی هۆلَەندی وچینیزیا پاپی دکتۆرا لەشارستانی دێرین لەزانکۆی لایپزگی ئەلمانی و خوێندکاری دکتۆرا

کۆزادموحەمەد ئەحمەد پسپۆری مێژووی کۆن وخەتی مێخی لەزانکۆی لایدنی هۆڵەندی)

٦-هەردوو ڕاپۆتی فەرمانگەی چاودێری شوێنەواری کۆیە لەهەردوو وەرزی کنەوپشکنین.

٧-بەرێوەبەرایەتی ناحیەی تەقتەق بەتایبەت هەردوو بەرێزان مامۆستا کاکەخان نەسرەدین بەرێوەبەری ناحیەی پێشوو وبەرێوەبەری ئێستا حاکم فاتح حوسێن حەمەدەمین.





## ڕا پۆرتی فەرمانگەی چاودێری شوێنەواری کۆیە

## ڕا پۆرتی یەکەمی فەرمانگەی چاودێری شوێنەواری کۆیە

لەدوای کنەوپشکنینی وەرزی یەکەمی ساتوقەلاّ فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە ڕاپۆرتی نوێنەرانی خۆی لەکنەوپشکنینی ساتوقەلاّ هاوپێچی نوسراوی ژمارە (٢٨١)ی ٢٧-٦-٢٠١٠ دەکات و بۆ بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێری بەرزدەکاتەوە بە واژۆی(نەورۆز حەمەد عەلی) لێپرسراوی شوێنەواری کۆیەی ئەوکات، لەبەرگرنگی ڕاپۆرتەکە سەبارەت بەباسەکەمان وەك خۆی و بێ هیچ دەستکاریەك دەقی ڕاپۆرتەکەیان دەخەینەڕوو:

بۆ/ لێپرسراوی فەرمانگەی چاودێری شوێنەواری کۆیە

بابەت/ڕاپۆرتی کۆتایی دەربارەی کاری کنەوپشکنین لەشوێنەواری ساتوقەلاّ

شوێنەواری ساتوقەلاّ دەکەوێتە گوندی (ساتوقەلاّ) لەناحیەی (تەقتەق)ی سەربەقەزای کۆیەی پارێزگای هەولێر، لەساڵی (١٩٥٥)تیمێکی لیژنەی بالاّی کەڵەپوور و شوێنەواری عێراق سەردانی گوندی ناوبراو دەکەن، ئەم ناوچەیە وەك شوێنەوارێکی مێژویی گرینگ دەناسێنن.

کاری گەڕان وپشکنین لەشوێنەواری گوندی ساتوقەلاّ لەبەرواری (٢٠١٠/٥/٣)دەستی پێکردو لە(٢٠١٠/٦/١)کۆتایی پێهات لەلایەن ئەو تیمەی کە ئێمە وەك نوێنەری بەشداربووی بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری کوردستان لەڕاپۆرتی یەکەممانندا لەبەرواری(١٩-٥-٢٠١٠)ئاماژەمان بۆکردبوو

بەهەمان خشتەوخاڵی کارکردن *(operation)* ئەنجامدرا بەبێ زیادکردنی هیچ خاڵێکی تر.

لەماوەی (٣٠) ڕۆژی کارکردن لەشوێنەواری ساتوقەلا توانرا چەندین چین وپارچەی شوێنەواری گرینگ بدۆزرێتەوە، وە بەهۆی ئەوەی کەشوێنی دیاریکراو بەدرێژایی سەردەمە یەك لەدوایەکەکان لەلایەن خەڵکی ناوچەکە بەمەبەستی خانوو دروستکردن و نیشتەجێبوون بەکارهاتووە ئەمەش وایکردووە لەزۆربەی خاڵەکانی کارکردن چینەشوێنەواریەکان تێکەڵاویان هەبێت، وە هەر لەئەنجامی هەڵکۆڵین توانراوە چەندین گۆڕ کەمێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆپێش هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ ناوچەکە،وئەویش بەبەڵگەی چۆنیەتی ناشتنیان کە بەشێوەی(قرفصاء) نێژراون و سەریان لەباکورەو ڕوویان لەڕۆژئاوایە،لەگەڵ چەندین پارچەگۆزەی شکاو کەبۆ سەردەمە جیاوازەکان دەگەڕێنەوە، لەگەڵ چەند خشتێك کەنوسینی مێخیان لەسەرەو باس لەشارێك دەکات بەناوی(idu)ئیدۆ کەلەلایەن فەرمانڕەوایەك بەرێوەبراوە بەناوی(ئەبی زێری)-(abbi zeri) و مێژویان بۆ سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست (١٢٣٠پ.ن)دەگەڕێتەوە، ئەمە بێجگە لەچەندین پارچە شوێنەواری گرینگ کە بەلیستێك هاوپێچ لەگەڵ ڕاپۆرتمان بۆتانی دەنێرین.

بەگشتی تێکرای کاری کنەوپشکنین لەشوێنەواری ساتوقەلا بەشێوازی زانستی بەرێوەچووە و زانیاری دەربارەی چینەکان و





هەموو ئەو پارچە وکەڵ وپەلانە تۆمارکراون کە لە ئەنجامی کاری هەڵکۆڵینەوە دۆزراونەتەوە، وە ژمارەیەکی زۆر پارچە گۆزەو ئێسکی گۆڕە دۆزراوەکان درا بە بەشی شوێنەواری زانکۆی(سەلاحەددین-هەولێر) بەمەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لێیان.

بەپێی ئەو گرێبەستەی کە لەنێوان تیمی کارکردنی بیانی و بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری کوردستان مۆرکراوە، پێویستە دوای تەواو بوونی کاری هەڵکۆڵین ئەو پارچە شوێنەواریانەی کە دەدۆزرێنەوە بدرێت بەمۆزەخانەی بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر، بۆ ئەم مەبەستەش لەبەرواری(٢/٦/٢٠١٠) دەستەیەك لەتیمی هەڵکۆڵین لەشوێنەواری ساتوقەلا بەیاوەری لێپرسراوی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە و نوێنەرانی بەشداربووی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە لەکاری هەڵکۆڵینی شوێنەواری ساتوقەلا سەردانی شاری هەولێرمان کرد، بەڵام لەرێگای نێوان (کۆیە-هەولێر) تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووین ئەمەش بووە هۆی برینداربوونی زۆربەی ئەندامانی شاندەکەو شکانی دوو گۆزەی قەبارە جیاواز کە توانرابوو لەکاری کنەوپشکنین لەشوێنەواری ساتوقەلا بدۆزرێتەوە، وە چەند پارچەیەکی تریش زیانیان پێگەیشتووە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانین چەند پێشنیارێك بۆ بەرێزتان بخەینەڕوو دەربارەی تەواوی لایەنەکانی کارکردن لەشوێنەواری

ساتوقەلاَ بۆ ئەوەی لەوەرزەکانی داهاتووی کارکردن توشی ئەو گرفت و کێشانە نەبین کە لەوەرزی کارکردنی ئەمساڵ هاتە ڕێگامان:

١-تەڵبەندکردنی دەوری ئەو شوێنانەی کە هەڵکەندراون و کاری کنە وپشکنینیان تێدا ئەنجامدراوە، بەمەبەستی پاراستنی گیانی دانیشتوانی گوندەکەو شوێنی کنە وپشکنینەکە لەدەست درێژی هاولاَتیان.

٢-هەوڵبدرێت بەهاوکاری بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر پاسەوانێك بەزووترین کات بۆ ناوچە شوێنەوارییەکانی گوندی ساتوقەلاَ دابین بکرێت بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەهەر دەست درێژییەك بکرێتەسەر شوێنی هەڵکەندراو.

٣-بەمەبەستی پاراستنی شوێنەوارەکە و دووبارە نەبوونەوەی کێشەی ئەم وەرزەی کارکردن کە بەرێزتان ئاگادارن لێی لە وەرزەکانی داهاتوودا لەرێگەی بەرێزان پارێزگاری هەولێرو قائیمقامی قەزای کۆیە و بەرێوەبەری ناحیەی تەقتەق هەوڵبدرێت تەواوی ئەو هاولاَتیانەی کەزەرەرمەند دەبن لەدانیشتوانی گوندی ساتوقەلاَ بەپێی ڕێنماییە یاساییەکان قەرەبوو بکرێنەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤-داوا بکرێت لەتیمی هەڵکۆڵینی بیانی ماوەی یەك وەرزی کارکردن لە(٣٠) ڕۆژەوەو درێژبکرێتەوە بۆ(٩٠) ڕۆژ تاکو بتوانرێت کاروئەنجامی باشترمان دەست کەوێت.





٥-پێویستە لەسەر تیمی هەڵکۆڵینی بیانی لە وەرزەکانی داهاتووی کارکردن چەند پسپۆرێکی شارەزا لەبوارەکانی(بیناسازی کۆن و ئێسکناسی) و کەڵ وپەلی پێویستی ئەو بوارانە لەگەڵ خۆیاندا بهێنن بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست سوودیان لێوەربگیرێت.

لەکۆتاییدا دەمانەوێت وەك نوێنەرانی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە زۆر سوپاسی بەرێز(بەرێوەبەری ناحیەی تەقتەق) بکەین، کەزۆر پەرۆش بوون بۆسەرکەوتنی پرۆژەکە و ئەو هاوکاری و کارئاسانیانەی کەپێشکەش بەتیمی کنەوپشکنینی کرد....

لەگەڵ ڕێزماندا

لەهاوپێچی ئەم ڕاپۆرتەدا لیستی کەل وپەلە دۆزراوەکانی شوێنەواری ساتوقەلاَو وێنەی کەل وپەلە دۆزراوەکانی ساتوقەلاَ و نەخشەی کانتۆری شوێنەوارەکە(٢)دوو دانە،لە ٢١-٦-٢٠١٠ ئەو ڕاپۆرتە بە ئیمزای بەرێزان(نیاز عەزیز ئۆمەر و هێمن نەعمان کاوێس نوێنەرانی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە ) کۆتایی پێهاتووە.

## ڕاپۆرتی دووەمی  فەرمانگەی چاودێری شوێنەواری کۆیە

لـەدوای کنەوپشـکنینی وەرزی دووەمـی سـاتوقەڵا فەرمانگـەی شـوێنەواری کۆیـە ڕاپـۆرتی نوێنـەرانی خـۆی لەکنەوپشـکنینی سـاتوقەڵا هاوپێچـی نوسـراوی ژمـارە (٣٣٩)ی ٢-١٠-٢٠١١ دەکات و بۆ بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری هـەولێری بەرزدەکاتـەوە بە واژۆی(نـەورۆز حەمـەد عـەلی) لێپرسراوی شـوێنەواری کۆیـەی ئـەوکات، لەبـەرگرنگی ڕاپۆرتەکـە سـەبارەت بەباسـەکەمان وەك خۆی و بیٚ هیچ دەستکاریەك دەقی ڕاپۆرتەکەیان دەخەینەڕوو:

بۆ/ لێپرسراوی فەرمانگەی چاودێری شوێنەواری کۆیە

بابەت/وەرزی دووەمی  کنەوپشکنین لەشوێنەواری ساتوقەڵا

لەبەرواری(١٣-٩-٢٠١١)تیمی کارکردن لەشوێنەواری ساتوقەڵا کـە پێکهـاتبوون لـە نوێنـەرانی زانکـۆی(لایـدن)ی هۆڵەنـدی و زانکـۆی(لایپـزگ)ی ئـەلمانیا و زانکـۆی(سـەلاحەددین-هـەولێر)ی کوردستان و ئێمەش بەنوێنەرایەتی گشتی شوێنەوار لەسنورەکە بەنوسراوی ژمارە(٣٢٣)ی بـەرواری(١٣-٩-٢٠١١)ی فەرمانگـەی چاودێری شوێنەواری کۆیە بەیاوەری بەرێز بەرێوەبەری ناحیـەی تەقتـەق بەمەبەسـتی زیـاتر بەرچـاوڕوونی و وەرگرتنـی ڕای دانیشـتوانی گوندەکـە سـەردانی گونـدی سـاتوقەلامان کـرد بـەئامادەبوونی تـەواوی ئەندامـەکانی کـەپێکهاتبوون لـەم بەرێزانەی خوارەوە:

١-پ.د.ڤیلفرید فان سۆڵت،پرۆفیسۆری خـەتی مێخـی، سـەرۆکی تیم، نوێنەری زانکۆی لایدنی هۆڵەندی.





٢-ئارنــە ڤۆسـینك، دکتــۆرای ڕۆژهـەڵاتی کــۆن، لێپرسـراوی هەڵکۆڵین،نوێنەری زانکۆی لایدنی هۆڵەندی.

٣-چـینیزیا پـاپی، دکتـۆرای شارسـتانی دێـرین، لێپرسـراوی دووەمی هەڵکۆڵین، زانکۆی لایبزگی ئەلمانی.

٤-کۆزاد محەمەد ئەحمەد،قوتابی دکتـۆرا لەمێژوی کۆن وخـەتی مێخی، لێکدانەوەی خەتی مێخی،زانکۆی لایدنی هۆڵەندی.

٥-کرستیان هێس، قوتـابی دکتـۆرا لـە خـەتی مێخی،لێکدانـەوەی خەتی مێخی،زانکۆی لایبزگی ئەلمانی.

٦-سیلڤا کلاوتینبێرخ،ماسـتەر لـە هـەڵکۆڵین، هـەڵکۆڵین،زانکۆی لایدنی هۆڵەندی.

٧-ڤیکتـۆر کلینکینبێرخ،ماسـتەری ڕووماڵ(مسـاحە)، ڕوومـاڵ ونەخشە، زانکۆی لایدنی هۆڵەندی.

٨-مانــدی زیبێــرت، قوتــابی ماســتەر لەشارســتانی کــۆن، هەڵکۆڵین،زانکۆی لایبزگی ئەلمانی.

٩-مەهـدی جـەلال مستەفا،ماسـتەر لەشـوێنەواری ئیسـلامی، هەڵکۆڵین،زانکۆی سەلاحەدین -هەولێر.

١٠-نـــەریوان خانـــە ڕەحـــیم، بـــەکالۆریۆس شـــوێنەواری ئیسلامی،هەڵکۆڵین، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

١١-ئارام عەلی حەمە ئەمین، بەکالۆریۆس لـە شـوێنەواری دێرین، هەڵکۆڵین، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.

١٢-نیـاز عـەزیز ئۆمـەر، بـەکالۆریۆس لـە شـوێنەواری ئیسـلامی، چاودێری بەسەرکاری هەڵکۆڵین،بەرێوەبەرایەتی شوێنەوار.

١٣-هێمن نەعمان کاوێس، بەکالۆریۆس، لەشوێنەواری دێرین، چاودێری بەسەر کاری هەڵکۆڵین،بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار.

لەسەرەتادا بەمەبەستی بەردەوامبوون لەکارکردن تێیاندا دەستکرا بەخاوێنکردنەوەی (٣)سێ لەو شوێنانەی کە لەوەرزی یەکەمی هەڵکۆڵین ساڵی (٢٠١٠)پشکنینیان تێدا ئەنجامدرابوو دواتر بڕیاردرا بەزیادکردنی (٢)دوو بەشی تر بۆ کاری هەڵکۆڵین،بەشێوەیەکی گشتی شوێنی هەڵکۆڵین دابەش دەبێت بۆ سەر(٢)دوو خاڵی چالاکی(operation)بە(A) لەڕۆژئاوا وبە(B) لەڕۆژهەڵاتی گردەکە ناسراون،خاڵی چالاکی(A)لە (٣)سێ بەش پێکدێت یەکەمیان ڕووبەرەکەی(١٠×١٠م) و وەرزی یەکەمیش کاری هەڵکۆڵینی تێدا ئەنجامدراوە و دەکەوێتە سەر(١٠١٠-٦٨٠)پلەی نەخشەی کانتۆری و دووەمیان ڕووبەرەکەی(١٠×١٠م)ەو دەکەوێتە سەر(١٠٢٠-٦٨٠)پلەی نەخشەی کانتۆری و سێیەمیان ڕووبەرەکەی (٥×٥م)ەو دەکەوێتە سەر(١٠٢٠-٦٨٠)پلەی نەخشەی کانتۆری کە لەبەرواری(١٨-٩-٢٠١١)هەڵکۆڵین تێیدا دەستی پێکرد و لەبەرواری (٢٥-٩-٢٠١١)بەهۆکاری تەکنیکی کارکردن تێیدا وەستێنرا، ئەم دوو بەشەی کۆتایی لەوەرزی ئەمساڵدا(٢٠١١)هەڵکۆڵین تێیدا دەستی پێکرد.

خاڵی چالاکی (B)کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گردی ساتوقەڵا لەدوو بەش پێکهاتوون، کە لەوەرزی یەکەمی هەڵکۆڵین، پشکنینیان تێدا ئەنجامدرابوو، یەکەمیان





ڕووبەرەکەی(١٠×٥م)ەودەکەوێتە سەر (١٠٧٠-٧١٠)پلەی نەخشەی کانتۆری و دووەمیان ڕووبەرەکەی(١٠×٥م)ەو دەکەوێتە سەر(١٠٨٠-٧٠٠)پلەی نەخشەی کانتۆری، وە لە باشوری قەڵای ساتوقەڵا لە لێواری گردەکە لەبەرواری(٢٥-٩-٢٠١١) بەشێکی تر دیاریکرا بۆ هەڵکۆڵین بەمەبەستی زانینی چینەکانی قەڵاکە.

ڕۆژانە کاتژمێر(٥,٣٠)دەقیقە کارکردن لەشوێنەواری گوندی ساتوقەڵا بەئامادەبوونی تەواوی ئەندامانی تیمەکە و(١٨-٢٠)کرێکار کارکردن دەست پێدەکات و لەکاتژمێر(١,٣٠)دەقیقەی پاش نیوەڕۆ کۆتایی بەکارکردن دێت.

لەماوەی(١٥)ڕۆژی کارکردن لەشوێنەواری گوندی ساتوقەڵا لەبەرواری(١٤-٩-٢٠١١تاوەکو٢٨-٩-٢٠١١)لەقولاییە جیاجیاکاندا چەندین پارچەی شوێنەواری دۆزراونەتەوە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- دۆزینەوەی(٢)دوو پارچە خشت بەرێکەوت لەدەرەوەی خاڵی پشکنین کەنوسینی مێخیان لەسەربوو.

٢- (٨)پارچە خشتی قەبارە جیاواز کە نوسینی مێخیان لەسەرەو لەچوارگۆشە جیاجیاکان دۆزراونەتەوە، یەکێك لەو خشتانە ساغە و نەشکاوە.

٣- دۆزینەوەی(٤)گۆڕ،کە بەشێوەی (قرفصاء)ی نێژراون و ئاراستەی مردووەکان بەرەو ڕۆژئاوایە(٣)سێ لەگۆڕەکان لاشەی منداڵ بوو، یەکێکیشیان کەسێکی کامڵ بوو، ئەم

شێوە ناشتنانەش دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە.

٤- دۆزینەوەی جوتێك گوارەوبازنێك کە پێدەچێت لەبرۆنز دروستکرابن لەگۆڕی یەکێك لەمنداڵەکان.

٥- دۆزینەوەی (٣)سێ خشتی لەقوڕدروستکراو کە پێدەچێت وەك بەردەگرێژنەی دەرگا بەکارهاتبێتن.

٦- دۆزینەوەی پارچە خشتێك کەڕووپۆش کراوە بەڕەنگی زەردوسپی.

٧- دۆزینەوەی بەردەجۆنیەك.

٨- دۆزینەوەی گلێنەیەکی شێوە کاسە کەهەندێك لەبەشی سەرەوەی شکاوە.

٩- دۆزینەوەی پارچە گڵێنەیەك کەنەخشی شێوە باربۆتینی لەسەرە.

١٠- ئەمەو جگە لەژمارەیەکی زۆر پارچە گڵێنەی جۆراوجۆر کەبۆ سەردەمە جیاوازەکان دەگەڕێنەوە.

لەگەڵ چەند چینێکی شوێنەواری کەمێژووەکانیان زۆر ڕوون نیە، ئەویش بەهۆی بەردەوامی بەکارهێنانی ئەم شوێنە لەلایەن دانیشتوانی گوندەکەوە لەسەردەمە جیاوازەکاندا.

سەبارەت بەشێوازی کاری تیمەکە و چۆنیەتی کارکردنیان لەشوێنەواری ساتوقەڵا بەشێوەیەکی گشتی زانستیانە و بەباشی بەڕێوەدەچێت و ڕێگەی چوارگۆشە پەیرەو دەکەن لەکرداری هەڵکۆڵین و زانیاری دەربارەی تەواوی چینەکان





وهەموو ئەو پارچە و کەل و پەلانە تۆماردەکەن وکە لەشوێنەواری ساتوقەڵا دەدۆزرینەوە دواتر بۆ شوێنی حەوانەوەی تیمەکە لەمیوانخانەی شارۆچکەی تەقتەق دەگوازرێتەوە لەوێ پاك دەکرێنەوە و هەڵدەگیرێن.

مامەڵەی تیمەکە لەگەڵ نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار ئاسایە و کارەکان بەڕوونی بەڕێوەدەچێت و هاوکاری بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق بەڕێز(م.فاتح) و دانیشتوانی ساتوقەڵا بۆ تەواوی پڕۆژەکە جێگەی سوپاس و پێزانینە.

هاوپێچەکانی ئەم ڕاپۆرتە(٢)دوو نەخشەی کانتۆری و چەند وێنەیەکی شوێنەواری ساتوقەلایە دواتر واژۆی هەردوو نوێنەری شوێنەواری کۆیە(هێمن نەعمان کاوێس و نیاز عەزیز ئۆمەر)ە لە بەرواری(٢٨-٩-٢٠١١).

# بەشی سێیەم

## پاشکۆی وێنەکان



وێنەی گۆڕێك كە رووفاتەكەی خراوەتە نێو گۆزیەكەوە، كە ئێسك وپروسكی تێدادۆزراوەتەوە لەپارچە زەوی(جوجەرە) بەدووری ٥٠٠مەتر لە سەرووی گردی ساتوقەلاّوە



قاپێكی لەقوڕ دروستكراوی دۆزراوەی شوێنەواری ساتوقەلاّ لەیەكێك لەماڵەكانی ئەو گوندە پارێزراو بوو







دراوێكی دۆزراوەی شوێنەواری ساتوقەلاّ، كە لەوڕووەیدا وێنەی ژنێكە بەتیروكەوانەوە



دراوێكی دۆزراوەی شوێنەواری ساتوقەلاّ،كە لەو ڕوەیدا وێنەی سەری مرۆڤێكە



**وێنەی خشتەلەقوڕدروستکراوەکانی شوێنەواری ساتوقەڵا، کە لەپارچە زەوی(جوجەرە)بەدووری ٥٠٠مەتر لەسەروی خۆرهەڵاتی ساتوقەڵا دۆزراوەتەوە**



**لاپاڵی خۆرهەڵاتی شوێنەواری ساتوقەڵا، بەلای کەناری ڕووباری زێی بچوکەوە**







**قەڵای ساتوقەڵا، لەباکورییەوە گیراوە**



**لەسەر شوێنەواری گردی ساتوقەڵاوە خۆرئاوای گردەکە گیراوە**



**لەسەر شوێنەواری گردی ساتوقەڵاوە خۆرئاوای گردەکە گیراوە**



**لەساڵی ١٩٩٣ەوە لە کەناری زێی بچوکەوە گردی ساتوقەڵا گیراوە**







**پاشماوەی کەل وپەلی لەبەرد دروستکراو کە لەگوندی باغەجنێر دۆزراوەتەوە**



**گردی شوێنەواری ساتوقەڵا، لەباکورییەوە گیراوە**



**شوێنەواری گردی ساتوقەلاّ، لاپاڵی رۆژئاواییەتی کەدووچاری ڕامالّڕان هاتووە**



**لاپاڵی سەرووی قەلاّکە کە دووچاری ڕامالّڕان و بردنی خاکەکەی بووە لەلایەن گوند نشینانی ساتوقەلاّوە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکە**







**شوێنەواری ساتوقەلاّ، لەباکوری گوندەکەوە گیراوە**



**دیمەنێکی گوندی ساتوقەلاّ**



دیمەنێکی ساتوقەلاَ لەباکورییەوە گیراوە



ئەم وێنەیە لەکاتی تۆمارکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیونی ئاسمانی کەنالی(زاگرۆس) بەناوی(ڕێگا)وە لەسەر قەلاَکە گیراوە لەلایەن مامۆستا ڕۆژگارجەلال سەلامەوە کە بەندە وەك مامۆستای مێژوو داوەتی بەرنامەکە بووم بۆ قسەکردن لەسەر شوێنەوارەکە لەدەستی چەپەوە مامۆستا هەڤالَ حەتەم تەقتەقی و ئەوانیتر کۆمەلێك قوتابی وخوێندکاری هەولێر بوون







ئەم وێنەیە لە٣-٥-٢٠١٠لە سەرگردی شوێنەواری ساتوقەلاَ گیراوە لەڕاستەوە (ئاراس ئیلنجاغی، دکتۆر ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین، مامۆستا کاکەخان نەسرەدین بەرێوەبەری ناحیەی تەقتەق، مەلا عەبدولرەزاق پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوتی عومەری کوری خەتتاب لە تەقتەق.



دروستکردنی خانووی کۆنکرێت لەنزیك شوێنەواری ساتوقەلاَ یەکێکە لەمەترسیەکانی سەر ناوچە شوێنەوارییەکە



مزگەوتی ساتوقەلاّ، کەوتۆتە سەر گردی شوێنەواری ساتوقەلاّوە



لەدوای ڕاپەرینی ١٩٩١خەڵکی ساتوقەلاّ، لەدامێن ولاپاڵی قەلاّکە خانویان دروستکردوّتەوە







لاپاڵی ساتوقەلاّ بەلای خۆرئاوای قەلاّکە



دیواری قوڕی هاولاتیان چووە بەناوقەلاّکەوە



ڕۆژهەلاَتی گردی ساتوقەلاَ، ڕامالَڕان چۆن کاریگەری خۆی بەسەرجێهێشتووە



لە کەناری رووبارەکەوە شوێنەواری گردی ساتوقەلاَ گیراوە







لە کەناری رووبارەکەوە شوێنەواری گردی ساتوقەلاَ گیراوە



لەڕۆژهەلاَتی شوێنەواری ساتوقەلاَ گیراوە



ئەم وێنەیە لەمەراسیمی ڕاگەیاندنی قۆناغی یەکەمی کنەوپشکنینی گردی ساتوقەلاٌ لە هۆلی شەهید عەبدولرەزاق لەشارۆچکەی تەقتەق لە ٣-٥-٢٠١٠گیراوە لەریزی پێشەوە مامۆستا کۆزاد و دکتۆر جینیزیا و مامۆستا نەوروز لێپرسراوی شوێنەواری کۆیە



لە هەمان ڕۆژ ومەراسیمدا برۆفیسۆر فان سۆلد سەرۆکی تیمەکە و دکتۆر ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆیی سەلاحەدین









برۆفیسۆر ڤان سۆڵد لەکاتی ووتارخوێندنەوە بەیاوەری مامۆستا کۆزاد لەمەراسیمی ڕاگەیاندنی یەکەم وەرزی کنەوپشکنینی ساتوقەلاٌ لە هۆلی شەهید عەبدولرەزاق لە تەقتەق





دکتۆر ئەحمەد دزەیی لەکاتی ووتارخوێندنەوە بەیاوەری ئاراس ئیلنجاغی پێشکەشکاری بڕگەکانی مەراسیمەکە



دکتۆرە جینیزیا پاپی وەك ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتیاری مەراسیمەکە




لافیتەی مەراسیمی کنەوپشکنینەکە لە هۆڵی شەهید عەبدولرەزاق







لەوحەی کنەوپشکنینەکە لە لاپاڵی گردی ساتوقەلاّ



دوای مەراسیمەکەی تەقتەق هەمان ڕۆژ٣-٥-٢٠١٠ سەردانی کردن بۆ شوێنەواری گردی ساتوقەلاّ



خوێندکاروقوتابیانی بەشی شوێنەوار دوای مەراسیمەکە سەردانی گردی ساتوقەڵا



لە ڕۆژی ٣-٥-٢٠١٠ گوندی ساتوقەڵا لەسەر قەڵاکەوە گیراوە







کرێکاران لەکاتی وەشاندنی یەکەم قازمەی کنەوپشکنین لەسەر قەڵاکە



کچە خوێندکارانی بەشی شوێنەوار لەکاتی کنەوپشکنین



دکتۆرە جینیزیا پاپی لەکاتی دۆزینەوەی گۆزەیەك لەگەل کرێکارێکی گوندی ساتوقەڵا(پشتیوان)لەیەکێك لەچاڵەکانی کنەوپشکنین



کرێکارێکی گوندی ساتوقەڵا لەکاتی کاردن لەیەکێك لەچاڵەکانی کنەوپشکنین








لەکاتی کنەوپشکنیندا ئەو کرێکارانە رووفاتێکی مرۆڤ دەدۆزنەوە لەسەر قەڵاکە



پسپۆڕانی تیمەکە لەکاتی کنەوپشکنیندا



**کنەوپشکنین لەسەر قەڵاکە**



**خشتێکی دۆزراوە کە نوسینی مێخی لەسەرە**







**خالێکی کنەوپشکنین کە تێیدا چەندین چینی نیشتەنی دەرکەوتوە**



دکتۆرە جینیزیا پاپی لەکاتی پشوودا



دکتۆرە جینیزیا و زانا سەباح جەوهەر و دوو کرێکار لەوێنەیەکی یادگاریدا








پشووی تیمەکە و کاتی خواردنەوەی چایە



پرۆفیسۆر ڤان سۆڵد ئاماژە بەنوسینی مێخی سەر پارچە دۆزراوەکە دەدات



پرۆڤیسۆر ڤان سوڵد سەرۆکی تیمەکە وێنەی لەگەڵ خشتێکی بەرهەمی کنەوپشکنین گرتووە کە نوسینی مێخی لەسەر بەشێکی کەمی پارچە خشتەکە ماوە








دکتۆرە جینیزیا پاپی بەخەندەوە وێنەیەکی لەتەنیش تابلۆی کنەوپشکنینەکەوە لەگوندی ساتوقەڵا گیراوە



لەکاتی دەست لەکارهەڵگرتنی تیمەکە لەکاری ڕۆژانەی لەلاپاڵی گردی ساتوقەڵا



لەکاتی پشوو لەمیوانخانەی تەقتەق بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەقی ئەوکات ماموٚستا کاکەخان نەسرەدین وتیمەکەی کنەوپشکنینە







پشووی تیمەکە لە میوانخانەی بانەڕەقەی تەقتەق لەگەل خانەوادەی ماموٚستا نیاز عەزیز ئوٚمەر نوێنەری شوێنەواری کوٚیە



ئەو خشتە بینراو و دوٚزراوانەی ئەنجامی کنەوپشکنینن لە میوانخانەی تەقتەق وێنەیان گیراوە



وێنەی دول دڵ لەکاتی کنەوپشکنین دۆزراوەتەوە







گۆزەیەکی دۆزراوەی ساتوقەلاَ ئێستا لەمۆزەخانەی هەولێرە، لە مامۆستا (نیازعەزیز ئۆمەر) وەرگیراوە.

تۆ بۆ هەر لایەکی کوردستان بچیت، شوێنەوار و ئاسەواری گەل و نەتەوەکانی پێشینە، یان پاشماوەی باب و باپیرانمان.

جوگرافیای ساتووقەڵا

گوندی ساتووقەڵا سەر بە ناحیەی تەقتەقە و بە دووری (١٢) کم کەوتووەتە رۆژهەڵاتی تەقتەق. ناحیەکەش سەر بە قەزای کۆیەیە لە پارێزگای هەولێر. وەک ئاشکرایە قەزای کۆیە دەیان ناوچە و شوێنی شوێنەواری لێیە. ساتووقەڵا پێگەیەکی گرنگی هەیە لە نێو شوێنەوارەکانی کۆیە و بگرە لە کوردستانیشدا.

ساتووقەڵا ناوی گوندێکی کوردستانە. یەکێکە لە شوێنەوارە گرنگەکان. ساتووقەڵا کە گرنگترین شوێنی گوندەکەیە لە رووی مێژووییەوە، دەروانێتە دیار رووباری زێی بچووک. ئەوبەری زێ ناوچەی شێخ بزێنییە سەر بە ناحیەی خانەقای و جاران سەر بە ناحیەی شوان بوو لە پارێزگای کەرکووک.

یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکانی ساتووقەڵا، هەڵکەوتە جوگرافیای شوێنەکەیە. هەبوونی سەرچاوەیەکی گەورە و هەمیشەیی ئاو، وەک رووباری زێی بچووک، دەرفەتی ئەوەی رەخساندووە کە هەردەم گوندەکە ئاوەدان بێت. بۆ سەدان ساڵیش ئەو شوێنە شارێکی گرنگ بووبێت، بە تایبەتی ئەو پارچە شوێنەوارانەی کە لەوێدا دۆزراونەتەوە، ئاستێکی بەرزی ژیار و شارستانییەت پیشان دەدەن.

3

دەکرێ بڵێین جوگرافیا رۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەبووە لە مێژووی ساتووقەڵادا، بە هەڵبەت جگە لە سەرچاوەی ئاوی گوندەکە، دەشتێکی بە پیت بەرەو باکوور و رۆژئاوای گوندەکە تا چەندین کیلۆمەتر درێژ دەبێتەوە. ئەو دەشتە بواری چاندن و کشتوکاڵی رەخساندووە. هەروەها زووڕگە و بەرزاییەکانی دەوروبەریش، پاوان و لەوەڕگای بۆ ئاژەڵداری و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات دەستەبەر کردووە.

**لاپەرەیەك لەدەستنوسەکەی نوسەرو رۆژنامەنوس (تارق کارێزی) لە (کۆسرەت تەها حەمەدەمین)ەوە بەدەستم کەوتووە**





هەرێمی کوردستان – عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار
بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر
فەرمانگەی چاودێری شوێنەواری کۆیە
ژمارە: ٢٨١
رێکەوت: زاینی ٧ / ٦ / ٢٠١٠
رێکەوتی: کوردی / / ٢٧٠٩

Kurdistan Region-Iraq
Council of Ministers
Ministry of Municipality & Tourism
NO:
Date: Gregorian / / 2010
Date: Kurdish / / 2709

اقليم كوردستان – العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة البلديات و السياحة
المديرية العامة للآثار
مديرية آثار أربيل
الادارة مراقبة آثار كويسنجق
العدد:
التاريخ: ميلادی / / ٢٠١٠
التاريخ كوردی / / ٢٧٠٩

فەرمانگەی چاودێری شوێنەواری کۆیە
دەرچوو

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر
ب/ ناردنی راپۆرت


هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا راپۆرتی کۆتایی نوێنەرانی بەشداربووی فەرمانگەکەمانتان لە کاری کنەوپشکنینی شوێنەواری ساتووقەڵا بۆتان دەنێرین بفەرموون بۆ وەرگرتنی.

... لەگەڵ رێزدا ...

نورۆز حمد علی
لێپرسراوی شوێنەواری کۆیە

وێنەیەك بۆ /
- قائیمقامیەتی قەزای کۆیە ... لەگەڵ رێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی ناحییەی تەق تەق ... لەگەڵ رێزدا
- دۆسیەی تایبەت
- بەشی پشکنین
- خولاو

**نوسراوی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە دوای وەرزی یەکەمی کنەوپشکنین بۆ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر**


هەرێمی کوردستان – عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
دەستەی گشتی گەشت و گوزار
بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار
بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر
فەرمانگەی چاودێری شوێنەواری کۆیە
ژمارە ٢٣٩
ڕێکەوتی : زاینی ٢ / ١٠ / ٢٠١١
ڕێکەوتی : کوردی / /

Kurdistan Region-Iraq
Council of Ministers
Ministry of Municipality & Tourism
NO:
Date: Gregorian / / 2011
Date: Kurdish / / 2711

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة البلديات و السياحة
الهيئة العامة اللاثار
المديرية العامة للأثار
مديرية أثار أربيل
الادارة لرقابة اثار كويسنجق
العدد:
التاريخ: ميلادى / / ٢٠١١
التاريخ كوردى / / ٢٧١١

بۆ / بەڕێوەبەرایە تی شوێنەواری هەولێر
ب/ ناردنی ڕاپۆرت

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا ڕاپۆرتی نوێنەرانی بەشداربووی فەرمانگەکەمانتان لە کاری پشکنینی شوێنەواری ساتووقەلاً بۆ دەنێرین بفەرموون بەوەرگرتنی ...

... لەگەڵ ڕێزدا ...

نورۆز حمد علی
لێپرسراوی شوێنەواری کۆیە

وێنەیەک بۆ /.
- قائیمقامیەتی قەزای کۆیە بۆ زانین ..... لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی تەق تەق بۆ زانین ..... لەگەڵ ڕێزدا
- بەشی پشکنین
- دۆسیەی تایبەت
- خولاو

**نوسراوی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە دوای وەرزی دووەمی کنەوپشکنین بۆ بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر**

# سەرچاوەکان

## کتێبەکان:

١-جەمال فەتحوللاَ تەییب،کۆیە،لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی سیاسیە،نامەی ماستەر لەزانکۆی سلێمانی،٢٠٠٥،لاپەرە١٤٤.

٢-نەخشەی شوێنەواری عێراق، بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار،بەغداد، چاپکراو لەبەرێوەبەرایەتی رووپێوی گشتی، ساڵی ١٩٧٠

## دەستنوس وتۆمارورا پۆرت:

١-تۆماری بەشی ڕێنمایی، هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەق، بۆساڵی ,١٩٧٥

٢-نیاز عەزیز ئۆمەر، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەسەر دوو شوێنەواری ناوچەی تەقتەق(گردی ساتوقەلاَ-قەلاَی بۆگد)ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەشی بەشی شوێنەواری کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددینی هەولێرکراوە، وەك بەشێك لەپێداویستیەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەبواری شوێنەواردا، بەسەرپەرشتی(د.نەرمین عەلی حەمەدەمین)لەساڵی ٢٠٠٨زاینی، لاپەرە١٦.

٣-دەستنوسێکی نوسەرورۆژنامەنوس(تارق تۆفیق حەمەدەمین)ناسراو بە تارق کاریزی کە لە ٨-١-٢٠١١نوسیویەتی.

نەخشە سوود لێوەرگیراوەکان:

١-نەخشەی کەرتە کشتوکاڵیەکانی بەشی زەوی و زاری هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەق، ئامادەکراو لەلایەن ڕووپێوی یەکەم (عەلی عومەر) لەساڵی ٢٠١١.





٢-نەخشەی هێزەچەکدارەکانی عێراق بۆساڵی ١٩٨٦

٣-نەخشەی کادستڕۆی گوندی (ساتوقەلاَوکارێز)لەبەرێوەبەرایەتی ڕوپێوی گشتی عێراق لە ١٦ی نیسانی ١٩٥٧کێشراوە، بەژمارە کەرتی(٤٢)و ژمارەی تۆماری(٧٥٤٧).

٤-نەخشەی شوێنەواری عێراق، بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار،بەغداد، چاپکراو لەبەرێوەبەرایەتی رووپێوی گشتی، ساڵی ١٩٧٠، لەلای ئەندازیار(ئازاد مامەند خالید)سەرۆکی شارەوانی تەقتەق پارێزراوە کە ساڵی ١٩٨٩لەپێشانگای کتێب لە زانکۆی موسل لەقۆناغی دووەمی کۆلیژی ئەندازیاری بە ٥دیناری سویسری کڕیویەتی بەڕاستی ئەتلەس و کوراسێکی گرنکی شوێنەواری پارێزگاکانی عێراقە.

## گۆڤارو ڕۆژنامەکان:

١-زەکەریا ئەلحەسری، ئامێرەکانی نوسین بەدرێژایی مێژوو، گۆڤاری(حوار)ی ژمارە(٣٦)ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٩، بابەتێکی هەفتەی ڕۆشنبیری دیمەشق، لە٥-١٢-٢٠٠٩خراوەتەڕوو.

٢-گۆڤاری(کەکۆن)ی ژمارە(٢٢)ی تەمموزی ساڵی ,٢٠١٢

٣-بەڵگەنامەکان دەبن بەشایەت حاڵی ڕاستیەکان، حەمید میرخان، ڕۆژنامەی تاك، ژمارە(١٥)ی ساڵی دووەم، ئازاری ٢٠٠٦، لاپەرە(٣).

٤-کەمال نوری مەعروف، بەرێوەبەری شوێنەواری گەرمیان لەمانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨لەهەردوو ڕۆژنامەی خەبات وکوردستانی نوێ لەبانگەوازێکیدا هۆشداری دایە لایەنی پەیوەندیدار تایبەت لەسەر شوێنەواری ساتوقەلاَ لەبانگەوازەکەی دەڵێت"یەکێکە لەو گردانەی بەپێی

سەیرکردنی پاشماوە وسواڵەتەکانی لە هەزارەی شەشەمی پێش زایینەوە بەبەردەوامی مرۆڤی تێدا ژیاوە و ئاوەدان بووە".

٥-عەلی بانیشاری،کنەوپشکنینە شوێنەوارییەکان مێژووی کوردستان دەوڵەمەندتر دەکەن، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٤٢٢٤)لە٢٦-١٢-٢٠١٢لەڕۆژی چوارشەممە.

٦-ژمارە ٣٦ی ساڵی سێیەمی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ی ڕۆژنامەی تاك .

٧-ژمارە ٤٧١١ی ڕۆژی چوارشەممەی ٢٩-١٠-٢٠٠٨لەلاپەرە ٣ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ .

٨-ژمارە(٥١٦٦)ی بەرواری(٢-٥-٢٠١٠)ی ڕۆژی سێشەممە لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ .

٩-ژمارە(٥١٧١)ی بەرواری(١٠-٥-٢٠١٠)ی ڕۆژی دووشەممەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.

١٠-ژمارە(٢٣)ی ئەیلولی ٢٠١٢ی گۆڤاری کەکۆن لەلاپەرە٢٤و٢٥.

## چاوپێکەوتنەکان:

١-چاوپێکەوتن لەگەل دکتۆر هیوا نورەدین نامق، لێپرسراوی بنکەی ڤێرتێرنەری تەقتەق، لە(٣/١٢/٢٠١٢)

٢-چاوپێکەوتن لەگەل ئەنجومەنی گوندەکە(ستارجەلال سەعید وەلی) لەدایکبووی١٩٥٥ی ساتوقەڵا لەبەرواری(١٠-١٢-٢٠١٢)

٣-چاوپێکەوتن لەگەل هاوڵاتی(وەلی رەشید سەعید وەلی) لەدایکبووی ١٩٥٠ی ساتوقەڵا لەبەرواری(٢٢/٣/٢٠١٢)





٤-چاوپێکەوتن لەگەل مامۆستا(ئیبراهیم حەمەد عارف وەلی)لەدایکبووی ١٩٦٣ی ساتوقەڵا، لەبەرواری ١١/١٢/٢٠١٢ڕۆژی سێشەممە.

٥-چاوپێکەوتن لەگەل مامۆستا(خالید مستەفا عەبدوللا عەلی) لەدایکبوی ١٩٦٥ی ساتوقەڵا لەبەرواری١١/١٢/٢٠١٢ڕۆژی سێشەممە.

٦-چاوپێکەوتن لەگەل(هیمداد ئیسماعیل عەبدوللا، لەدایکبووی ١٩٦٤ی ساتوقەڵا،لە١١-١٢-٢٠١٢)

٧-چاوپێکەوتن لەگەل (فەلاح جەوهەر رەشید، لەدایکبووی ١٩٦٨ی ساتوقەڵا،لە١١-١٢-٢٠١٢.

٨-چاوپێکەوتن لەگەل(کاکەخان نەسرەدین ئەمین) لەدایکبوی ١٩٥٤ی گوندی قەسرۆك، لەبەرواری(١٢-١-٢٠١٣)

٩- چاوپێکەوتن لەگەل ئەنجومەنی گەرمکی ساتوقەڵا(ستار عەبباس رەسوڵ کەریم)لەدایکبووی ١٩٥٥ی گەرمکی ساتوقەڵا، لە بەرواری ٩-١-٢٠١٣